



# تێڕامان لە ژیانی گیان



ئینستتیوتی ڕووحی



کتێبی یەکەم

# تێڕامان لە ژیانی گیان

ئینستتیوتی ڕووحی

کتێبەکانی ئەم زنجیرەیە:

ئەمانەی خوارەوە نێوی ئەو کۆمەڵە کتێبەی ئێستان کە ئینستتیوتی ڕووحی دایناناون. ئەم کتێبانە ئامادەکراون بۆ مەبەستی سوودوەرگرتن لێیان وەکو زنجیرە خولی سەرەکی بۆ هەوڵێکی داڕێژراو بۆ گەشەپێدانی توانای لاوان و گەورەکان لەپێناوی ڕاژەکردنی کۆمەڵگا خۆجێیەکانی خۆیان. هەروەها ئینستتیوتی ڕووحی هەڵدەستێت بە پەرەپێدانی کۆمەڵە خولێك کە لە کتێبی سێیەمی ئەم زنجیرە کتێبە بۆ ڕاهێنانی فێرکارانی پۆلە بەهائییەکانی منداڵان، هەروەها کۆمەڵێکی دیکە لە کتێبی پێنجەمەوە دەردەچێت بۆ ئامادەکردنی بزوێنەرانی لاوانی نوێ. ئەو دووو کۆمەڵەش لە نێو ئەم لیستەدا نووسراون. شایانی ئاماژەیە کە ئەم لیستە دەگۆڕدرێت بەپێی زیادبوونی شارەزایی لە مەیداندا، هەروەها کتێبی نوێشی دەخرێتەسەر کاتێك پرۆگرامەکانی خوێندن گەشەدەکات تا دەگاتە قۆناغێك کە دەکرێت بە ئاستێکی فراوان دابین بکرێت.

| | |
|---|---|
| کتێبی یەکەم | *تێڕامان لە ژیانی گیان* |
| کتێبی دووەم | *ڕاژەکردن* |
| کتێبی سێیەم | *وانەپێدانی پۆلەکانی منداڵان، پۆلی یەکەم* |
| | *وانەپێدانی پۆلەکانی منداڵان، پۆلی دووەم (خولی لاوەکی)* |
| | *وانەپێدانی پۆلەکانی منداڵان، پۆلی سێیەم (خولی لاوەکی)* |
| | *وانەپێدانی پۆلەکانی منداڵان، پۆلی چوارەم (خولی لاوەکی)* |
| کتێبی چوارەم | *دوو دیارکەوتنە خوداییەکە* |
| کتێبی پێنجەم | *ئازادکردنی هێزەکانی لاوانی نوێ (دانەی پێش بڵاوکردن)* |
| | *پاڵنەری بەرایی: خولی لاوەکی یەکەمی کتێبی پێنجەم* |
| | *فراوانبوونی بازنە: خولی لاوەکی دووەمی کتێبی پێنجەم* |
| کتێبی شەشەم | *ڕاگەیاندنی دۆزی خودا* |
| کتێبی حەوتەم | *پێکەوەڕۆیشتن لەڕێگای ڕاژەکردن* |
| کتێبی هەشتەم | *پەیمان و بەڵێنی حەزرەتی بەهائوڵڵا (دانەی پێش بڵاوکردن)* |
| کتێبی نۆیەم | *وەرگرتنی دیدێکی مێژووی* |
| کتێبی دەیەم | *بونیاتنانی کۆمکاری پڕلەژیان* |
| کتێبی یازدەیەم | *ئامرازە مادديەکان* |
| کتێبی دوازدەیەم | (بەمزووانە دەردەچێت) |
| کتێبی سێزدەیەم | *چوونەنێو کاری کۆمەڵایەتی* |
| کتێبی چواردەیەم | (بەمزووانە دەردەچێت) |

Copyright © 1999, 2020 by the Ruhi Foundation, Colombia
All rights reserved. Edition 1.1.1.PE published 1999
Edition 4.1.1.PE.PV (provisional translation) June 2020

مافی چاپکردن© ١٩٩٩ ، ٢٠٢٠ دەگەڕێتەوە بۆ دەزگای ڕووحی، کۆلۆمبیا
هەموو مافەکان پارێزراون. دانەی 1.1.1.PE لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاو کراوەتەوە
چاپی 4.1.1.PE.PV (ڕەشنووسی وەرگێڕان) حوزەیران / یۆنیۆ ٢٠٢٠

Originally Published in Spanish as *Reflexiones sobre la del espiritu*
Copyright © 1987, 1995, 2008, 2020 by the Ruhi Foundation, Colombia
ISBN 978-958-59880-3-3

لە ئەسڵدا بە زمانی ئیسپانی بڵاو کراوە بە ناونیشانی *Reflexiones sobre la del espiritu*
مافی چاپکردن © ١٩٨٧ ، ١٩٩٥ ، ٢٠٠٨ ، ٢٠٢٠ دەگەڕێتەوە بۆ دەزگای ڕووحی، کۆلۆمبیا
ژمارەی ئەندازەیی نێودەوڵەتی کتێب (ISBN) ٩٧٨-٩٥٨-٥٩٨٨٠-٣-٣

Ruhi Institute
Cali, Colombia
Email: instituto@ruhi.org
Website: www.ruhi.org

ئینستتیوتی ڕووحی
کالی ، کۆلۆمبیا
ئیمەیڵ: instituto@ruhi.org
ماڵپەڕی ئینتەرنێت: www.ruhi.org

# پێڕست


هەندێك بیرۆكە بۆ ڕێبەر ............................ ٦

تێگەیشتنی ئاسەوارە بەهائییەكان ................ ١٢

نزا و نوێژ ................................................. ٢٦

ژیان و مردن .......................................... ٤١

## هەندێك بیرۆكە بۆ ڕێبەر

ساڵانێكە ژمارەی ئەو ناوچە خۆجێیانەی جیهان كە تیایاندا خوێندنی *تێرامان لە ژیانی گیان* ئەنجام دران، كە كتێبی یەكەمە لە زنجیرەی سەرەكیی خولە پێشكەوتووەكان لەلایەن پەیمانگای ڕووحیەوە، لە زیادبوونی بەردەوامدایە. زۆربەی جارەكان ماددەكە دەخوێنرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەكرێت لەلایەن گروپێكی هاوڕێ و دەبنە سیمینارێك بە شێوەیەكی ڕێك كۆ دەبنەوە، یان یەك دەگرنەوە و ڕێك دەكەون وەكو هەڵمەتێك بۆ خوێندی چڕ، یان لە پشووی هاویندا لە خێوەتگایەك كۆ دەبنەوە. ئیتر هەرچییەك بێت ئەو بۆنەیە، یەكێك لە ئەندامانی گرووپەكە دەبێتە ڕێبەر. پەیوەندیی نێوان ڕێبەر و سەرجەم بەشداربووان وەكو پەیوەندیی نێوان فێركار و فێرخواز نییە، هەمووان بە هۆشیارییەوە سەرقاڵ دەبن لە پرۆسەیەك تیایدا هەموو كەسێك تێدەكۆشێت بۆ فێربوون. بەڵام ڕۆڵی ڕێبەر لە گفتوگۆكان وەكو ئاسانكاری نەگەتیڤ یان بێلایەن نییە. لەبەرئەوەی چەندین خولی لەم زنجیرەیەدا تەواو كردووە و كردارەكانی ڕاژەكەی پەیڕەو كردووە، بۆیە دەتوانێت یارمەتی هەر ئەندامێكی گرووپەكە بدات بۆ بەدیهێنانی مەبەستی بابەتی خوێندنەكە. ڕەنگە ماوەیە جارێك پێداچوونەوەی ئەم بیرۆكانە لەم پێشەكیەدا سوودی هەبێت بۆ ئەوانەی كە وەكو ڕێبەری كتێبی یەكەم كاردەكەن.

بەشداربووان لە باگراوندی جۆراوجۆر و لە هەموو لایەكی جیهانەوە دێن بۆ ئەم یەكەم خولی ئینستتیوتە، هەندێكیان ئەندامن لە كۆمكاری بەهائی و بەتەمان تواناكانیان پتەو بكەنەوە بۆ ڕاژەكردنی دۆزەكە كە باوەڕیان پێی هەیە، هەندێكیشان وا دەبینین كە ئەم خولە سەرەتایەكە بۆ توێژینەوەیان بۆ ئایینی بەهائی، هەندێكیش ڕاگێشراون بۆ بەهاكانی بەهائییەت و حەز دەكەن ئامانج و هەوڵەكانی كۆمكار بزانن. بەتایبەت ژمارەیەكی لاوان كە لەزیادبووندان، ئەم خولە وەكو هەنگاوێكی بەرایی دەبەن لەبەرئەوەی حەزدەكەن پەرە بە تواناكانی خۆیان بدەن بۆ ڕاژەكردنی كۆمەڵگا، زۆربەی جاریش لەڕێگەی یەكێك لەو پرۆگرامانە كە كۆمكاری بەهائیی بانگەوازی بۆ دەكات.

دەبێ هەر بەشداربووێك هەر لە سەرەتاوە بۆی ڕوون بێت كە خولەكانی ئینستتیوتی ڕووحی ڕێگایەك دەكێشێت بۆ ڕاژەكردنی مرۆڤایەتی و هەریەك لە ئێمە بەپێی خێرایی خۆی لەسەریدا دەڕوات، هاوكاری دەكەین و هاوكاری دەكرێین. ڕۆیشتن لەسەر ئەم ڕێگایە پێویستی بە تێكۆشانێكە ڕووەو دوو ئامانجی ڕەوشتی: گرنگیدان بە گەشەكردنی گیانی و هزریمان و بەشداریكردن لە گۆڕینی كۆمەڵگا. ڕۆیشتن بەو ڕێگایە پێویستی بە بوژاندنەوەی چەند توانایەك هەیە كە پێویستییان بە تێگەیشتن و زانینە، هەروەها سیفەتە گیانییەكان و هەڵوێستە سوباسگوزارەكان، هەروەها كۆمەڵێك توانا و شارەزایی. سەرچاوەكانی زانین كە كتێبەكانی ئینستتیوتەكە پشتیان پێدەبەستێت ئامۆژگارییەكانی ئایینی بەهائییە لە لایەكەوە و لەلایەكی دیكەشەوە ئەو شارەزاییە كەڵەكەبووەی كۆمكاری نێودەوڵەتیی بەهائییە لە پێشخستنی شارستانیەتی ماددی و گیانی. ئەوەی ئیلهام بە ئینستتیوتەكە دەبەخشێت دیدی حەزرەتی بەهائوڵڵایە بۆ ئەو تاكە كە دەتوانین وا بین و ئەو شارستانیەتە كە دەتوانین بونیادی بنێین. گریمان وایە كە هەموو بەشداربووان ـ باگراوندیان هەرچییەك بێت ـ بە دڵشادی و كراوەییەوە ئەو دیدە قبوول بكەن، دیدێكی ڕوون لە هەر یەكەیەك لە یەكەكانی هەر كتێبێك.

له جیهانێـك كە بیـر و ئایـدیۆلۆژیاكان ئامـادەن بـۆ قـۆرخكردنی هەر ئەمرازێـك بـۆ ڕاكێشـانی شوێنكەوتووان، ڕەنگە كەسێكی ناشارەزا لە ئـایینی بەهـائی پرسـی ڕاسـتەقینەی لا دروسـت بێـت دەربـارەی نیازەكانی ئینستیتوتی ڕووحی، بەرچاوترینیان ئەمەیە: "ئایـا داوام لێـدەكرێت ئـایینی خـۆم بگـۆڕم؟" یـان "ئایـا داوام لێدەكرێت بچمە پاڵ ئاینێكەوە؟" ئەم پرسانە دەرفەتێك بە ڕێبەر دەبەخشێت بۆ ڕوونكـردنەوەی ئامـانجی ئەم زنجیرە خولانە وەكو لە سەرەوە ڕوون كراوەتەوە. هەرچەندە ئاساییە كە بەهائییەكان تامەزرۆ بن بـۆئەوەی هاوڕێیانیـان بێـنە پـاڵ كۆمكـارەوە، بەڵام ئامۆژگارییەكانیـان قەدەغەیـان لێـدەكات كە ئایینیـان بـڵاو بـكەنەوە، ئەمەش لەوانیە ڕێبەر حەز بكات ڕوونی بكاتەوە. ڕۆیشتن لەسەر ڕێگای ڕاژەكـردن كە خولەكـانی ئینسـتیتوت دابینی كردووە پێویستی بە تێگەیشتنێكی قـووڵە كە بەبەردەوامـی قـوولتر بێـت سـەبارەت بە ئامۆژگارییەكـانی حەزرەتی بەهائوڵلا كە ماددەكان بەشێوەیەكی ڕاشكاوانە هەوڵ دەدەن بیانخەنە ڕوو، قبـوولكردن و باوەڕهێنـان دوو شتن دەبێ هەر تاكێك بە ئازادی و بەبێ فشار بیریان لێبكاتەوە.

كەواتە سەیر نیە كە كتێبی یەكەم بە دۆزی تێگەیشتن دەستپێدەكات، كە تەوەری هەموو كتێبەكـانی ئەم زنجیـرەیەیە. خوێنـدنەوەی ئاسـەواره پیرۆزەكـان وەك خوێنـدنەوەی هەزاران ئەو لاپەڕانە نـیە كە كەسـێك لە ژیانیدا بیخوێنێتەوە، یەكەی "تێگەیشتنی ئاسەوارە بەهائییەكان" هەوڵ دەدات بۆ پتەوكردنی دابـی خوێنـدنەوەی ڕۆژانە بۆ دەقەكانی ئاسەوارە پیرۆزەكان هەروەها تێڕامان لە واتاكـانی، هەمیشـە یارمەتیـدەرە بـۆ بەشـداربووان كاتێـك لەڕێگـای ڕاژەكردنـدا دەڕۆن. هەروەهـا بـۆ ئاڕاسـتەكردنیان لە خوێنـدنی كتێـبەكە پێویسـتە ڕێـبەر گرنگییەكی زۆر بداتە بابەتی تێگەیشتن و لێگەیشتن.

ئاسەوارە بەهائییە نووسراوەكان ڕاستیی گیانیی قووڵی زۆری تیایدایە، هەرچەندە ئـێمە هەوڵ و تێكۆشـان دەدەین بۆ پێشكەوتن لە تێگەیشتنمان بۆ واتا بێ پایانەكانی، دەشزانین كە هەرگیز ناتوانین بگەینە تێگەیشتێكی كۆتـایی. ئـێمە بەشـێوەیەكی گشـتی كاتێـك یەكەمجـار دەقێـك دەخـوێنینەوە تەنهـا واتـا ڕاسـتەوخۆكەی وەردەگرین، بەشی یەكەمـی هەر یەكەیەك ئەم خـاڵە دەكـاتە دەسـتپێك. جـا دوای خوێنـدنەوەی دەقێك وەك "چاكسازیی جیهان بە كرداری باش و بێگەرد و ڕەوشتی پەسەند و پەسەندكراوەوە بووە و دەبێت"، بە ئاسانی لە بەشـداربووان دەپرسـرێت: "چـۆن دەكرێـت جیهـان چاكسـاز بكرێـت؟" لە سـەرەتاوە وا دیـار دەبێـت كە زۆربەی پـرس و ڕاهێنانەكـان لەم جـۆرەیە و زۆر ئاسـانە. بەڵام دیـارە كە سـاڵانی شـارەزایی وا دەكـات كە ئینسـتیتوت بڕیـار بـدات كە بەم شـێوەیە دەسـتپێبكات. هەموومـان پێویسـتیمان بە یادهێنـانەوەیە كە مێشـك لە پەلەكردن بۆ دۆزینەوەی پلەكانی ڕاستی لە دەقێك لە دەقەكاندا ناكرێت چاوپۆشی لە واتا ڕوونەكەی بكـات. گرنگیدان بەم ئاستە سەرەتاییەی تێگەیشتن و لێگەیشتن سـەلماندی كە ڕۆڵێكـی زینـدووی هەیە سـەبارەت بە ڕاوێژكردنی گرووپ، یەكبوونی بیر بەهێز دەكات كە دەكرێت بە ئاسانی بەدیبهێنرێت كاتێك ڕێگە دەردێـت بە ڕای كەسی ڕۆشنا بێتەوە لە دانایی خودایی.

گرنگە كە لێرەدا باسـی ئەوە بكەیـن كە تێگەیشـتنی واتـای ڕاسـتەوخۆی زۆربەی دەقەكـان، گفتوگـۆی درێژی دەستەواژەكانی لە دەرەوەی بابەت دەوڵەمەندی ناكات. لەگەڵ ئەوەش لەوانەیە هەندێك جـار گرنـگ بێـت كە گـرووب بگەڕێـن بەدوای واتـای وشـەیەك لە فەرهەنگـدا. بەڵام ئەوەی سـوودی زۆرتـرە ئەوەیە كە بەشداربووان فێربن چۆن لە بابەتەكەوە بەگشتی واتای وشەكان دەربهێنن.

بۆئەوەی تێگەیشتن لە بازنەی واتای ڕاستەوخۆ تێپەڕبێت، لەوانەیە نموونەكـان سـوودبەخش بـن كە ئەوە ڕوون دەكەنەوە چۆن بیرۆكەكان گوزارشتی بەرچاو بدۆزنەوە. تەنها ئەوە داوادەكرێت كە هەنـدێك ڕاهێنـانی

ڕاستەوخۆ بکرێت. بۆنموونە، لە بەشی دووەمدا داوا لە بەشداربووان دەکرێت لەسەر ئەو دەقە کە تازە خوێندییانەوە، سیفەتەکانی پەسەند و پەسەندکراو دیاری بکەن. لە ڕاهێنانێکی هاوشێوەدا لە بەشی چوارەم، هان دەدرێن بۆ نێولێنانی پێنج چاکە و پاشان دەرخستنی ئەوەی کە کامیان دەکرێت وەربگیردرێت لە حاڵەتی نەبوونی چاکەی ڕاستگۆیی کە ئاسەوارە پیرۆزەکان وەسفیان کردووە کە "بناغەی هەموو چاکە مرۆڤایەتییەکانە".

بۆئەوەی یەکەکە ئامانجی خۆی بەدیبهێنێت، پێویستە تێگەیشتن زیاتر پێبکەوێت لەڕێگەی تەحەداکردنی بەشداربووان کە بیر لە ناوەڕۆکەکانی دەقەکان بکەنەوە. لە بەشی دووەمدا، داوایان لێدەکرێت کە ئەم دەستەواژەیە دروستە یان نە: "چاکەکان لە جیهاندا کەمن، بۆیە کردارەکانیان کاریگەر نییە". لێرەدا مەبەست تەنها هاندانی دەرکردنی ڕاکان نییە، پێویستە ڕێبەر ماوەیەك ڕاوەستێت و دەربارەی هۆکاری وەڵامی بەشداربووان بپرسێت. دەبێ گرووپەکە بگەنە ئەنجامی ئەوەی کە بێگومان ئەو دەستەواژەیە هەڵەیە چونکە پێچەوانەی دەقی یەکەمی بەشی ڕابردووە. پرسی دیکەش کە ئایا دەبێ تاکی بەهائی گوناهەکانی خۆی بدرکێنێت بەرامبەر مرۆڤێکی دیکە، ئەوەش نموونەیەکە بۆ ئەم جۆرە ڕاهێنانە، چونکە ئاماژەیە بۆ یاساغکردن (حەڕامکردن)ی ئامۆژگارییەکان کە درکاندنی گوناهەکان وەکو ئامرازێك بۆ گوناهبەخشین یاساغە، کە بە ڕاشکاوی لە هیچ دەقێکی ئەم خوێندنەدا نەنووسراوە، بەڵام دەکرێت لەڕێگەی گفتگۆکردنی واتای ئەم ئایەتە بگەینە ئەنجام: "هەموو ڕۆژێك لێپێچینەوەی خۆت بکە پێش ئەوەی لێپێچینەوەت لەگەڵ بکرێت".

ڕاهێنانەکانی یەکەکە بەهیچ شێوەیەك هەوڵ نادات بە فراوانی واتای گەنجکراوی دەقەکان بخاتەڕوو. یەکێك لەو شتانە کە دەبێ ڕێبەر زۆر بیری لێبکاتەوە بڕی گفتوگۆکردنی تەرخانکراو بۆ هەر ڕاهێنانێك. لێرەدا گرنگە کە درێژەپێدانی گفتوگۆکردن لەڕێگەی خستنەڕووی چەمکی زۆری پەیوەندیدار بەڵام لاوەکی نەبێت چونکە ئەوا کاریگەریی بابەتەکە کەم دەکاتەوە. پێویستە هەر گرووپێك ڕیتمێکی گونجاو دابنێت بۆ پێشکەوتن، دەبێ هەستێکی ڕوون هەبێت لەلای بەشداربووان کە بەپێی تواناکانی خۆیان پێشدەکەون. لەگەڵ ئەوەش، پێویستە ڕێبەر هۆشیار بێت نەوەك بەخێرایی و بەشێوەیەکی تەنك تێپەڕ بن بەسەر بەشەکان بەبێ شیکردنەوەی وردی بیرۆکەکانی ڕاهێنانەکان. ئەو گرووپانە کە بە شێوەیەك پێشکەوتن و تەنها هەر وەڵامیان دایەوە، هەرگیز نەگەیشتنە ئەنجامێکی هەمیشەیی.

خاڵێکی کۆتایی هەیە شایانی باسە: پێویستە لەسەر ڕێبەر دڵنیا بێت کە هەر ئەندامێك لە گرووپەکە سەرقاڵی پرۆسەی فێربوونە لە بابەتەکە. زۆر جار ئەو تەحەدایە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ بەشداریکردن بەبێ فشار لەسەر هەر تاکێك بۆ دواندن. ئەوەی پێویستە لە سەرتاوە بیزانین ئەوەیە کە سەرکەوتن بەسەر ئەم تەحەدایە دەگمەنە لەڕێگەی ئەم پرسە: "ئەمە واتای چیت بۆ دەگەیەنێت؟" چونکە ئەم جۆرە پرسانە زانین و ڕاستی پوخت دەکات بۆ ئاستی ڕا. ئەوجا خوڵقاندنی کەشێك بۆ ڕاوێژکردن نێوان ئەندامانی گرووپ سەخت دەبێت و ناگاتە ئاستی تێگەیشتن و لێگەیشتن.

یەکەی دووەمی ئەم کتێبە وەکو یەکەمە کە دابی سەرەکیە بۆ ژیانی گیانی ئەویش نزاکردنە بەڕێکی. چونکە لە بەشی سەرتایی چەمکی "ڕێگای ڕاژەکردن" ڕوون دەکاتەوە، هەروەها پێشنیار دەکات کە لەپێناوی ڕۆیشتن لەم ڕێگایە دەبێ دوو ئامانجمان پێ بێت. بەشداربووان کۆمەڵێك دەقی بەرایی دەپشکنن کە دیدێك دەبەخشێت سەبارەت بەو ئامانجە، ئەم بابەتە لە خولەکانی داهاتوو بە وردی باس دەکرێت.

بەم باگراوندەدا، یەکەکە دەست دەکات بە دۆزینەوەی گرنگیی نزا و نوێژ، نزیکبوونەوەیەکی هاوشێوەی بڕگەکانی ڕابردوو دەکات. پرس و ڕاهێنانەکان وا دادەنرێن بۆ پتەوکردنی تێگەیشتنی واتای دەقە پیرۆزەکانی خوێندنەکە. لەگەڵ پێشکەوتنی گرووپەکە لەم یەکەیەدا، لەوانەیە ڕێبەر پێویستی بەوە بێت کە گومانەکان هەڵبوەشێنێتەوە لەڕێگای شیکردنەوەی بیرۆکە ڕەگکوتاوەکانی ڕاڤە و کردەوەکانی ڕابردوو. لە هەندێك لە نەریتەکاندا، ڕێوڕەسم و نەریتەکان وردە وردە زاڵ بوون بەسەر دۆخی ناوەکی، چەندین کەس کە گرنگیی نزاکردن پشتگوێ دەخەن کە لە گرنگیی خۆراك بۆ جەستە کەمتر نییە بۆ گیانی مرۆڤ.

جا پێش هەموو شتێك، یەکەکە هیوای وایە کە حەزی "دواندن لەگەڵ خودا" و نزیکبوونەوە لێی بەئاگابهێنێت. لەنێو ئەو بیرۆکانە کە باسی لێکراوە، واتای چییە کە بچینە نێو دۆخی نزاکردن و بە دڵ و بیرمانەوە ڕوو لە خودا بکەین و ئەو دۆخە کە دەبێت بەدیبهێنرێت لە دەوروبەرمان، ئەگەر بە تەنێ بین یاخود بە کۆمەڵ. لەڕاستیدا، دوای تێڕامان لەو هێزانە کە لە پەرستنی بەکۆمەڵ دێنە کایەوە، داوا لە بەشداربووان دەکرێت کە میوانداری بکرێت بۆ نزاکردن و پەرستن.

چاوەڕوان دەکرێت کە خوێندنی یەکەی سێیەمی کتێبەکە "ژیان و مردن" هەستی پابەندبوون بە ڕۆیشتن لە ڕێگای ڕاژەکردن بەهێز بکات و واتایەکی قووڵتری پێ ببەخشێت. ڕاژەکردن لەم جیهانەدا بەشێوەیەکی باشتر لێ تێدەگەیەنرێت لە میانەی واتای گشتگیرتر بۆ ژیان، ژیانێك بوونمان لەم جیهانەدا تێپەڕێت و تاهەتایە بەردەوام بێت لەکاتێکدا کە گیانمان بەرەو جیهانە خوداییەکاندا پێشدەکەوێت. لە پرۆسەیەکی فێرکردندا، بەپێچەوانەی ڕاهێنانی تەکنیکی، گرنگە کە بەشداربووان بەشێوەیەکی زیاتر هۆشیار بن لە واتا و گرنگیی ئەوەی کە ئەنجامی دەدەن. ئەزموونەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە کاتێك ئەم هۆشیاریە گەشە بکات، ئەوا وا دەبینن کە خۆیان بە هەموو کاریگەری و بەرپرسێتییەوە "خاوەنی" فێربوونی خۆیانن.

هەر بەشێك لەم یەکەیەدا بە دەقێك سان زساتر لە ئاسەوارە بەهائییەکان دەستپێدەکات، دوای ئەوە ڕاهێنانەکان دێن. زمانی دەقەکانی ئەم یەکەیە زەحمەتترە لەوەی لە دوو یەکەکانی پێشوو هاتبوون. هەڵبەت، گروپەکە پێویستییان بە باسکردنی وردی وشە سەختەکان نییە، چونکە ڕێبەر دەیەوێ ئەوە مسۆگەر بکات کە بەشداربووان بیرۆکە سەرەکییەکەی هەر بەشێکیان وەرگرت، ئەوەش ڕێك ئامانجی ڕاهێنانەکانە.

بەگوێرەی جۆری بابەتەکە، ڕاهێنانەکان نموونەی بەرچاویان کەم و دوورلەیەکە، زۆربەیان لەسەر ئاستی تێگەیشتنە. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە پرسەکان ناکرێت خێرا وەڵام بدرێنەوە یان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و ڕوون بن. ئەم جۆرە پرسانە دانراون بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی بەرامبەر بابەتەکە، ئەگەر بەشداربووان تەنها بیریان لەو پرسانە کردەوە، ئەوا ئامانجی فێربوونەکە هاتووەتە دی.

بەشە یەکەمینەکان جەخت دەکەنە سەر پەیوەندی نێوان گیان و جەستە کە پێکەوە بوونی مرۆڤ بێکدەهێنن لەم جیهانەدا. بیرۆکەی سەرەکی ئەم بەشانە ئەوەیە کە گیان بریتی نییە لە بوونێکی مادی، دەشکرێت پەیوەندیی بە جەستەوە وەکو ئەو ڕووناکییە بشوبهێنین کە ئاوێنە دەریدەخات. تۆزی سەر ڕووی ئاوێنەکە کاریگەری ناکاتە سەر ڕۆشنایی ڕووناکییەکە هەروەها شکاندنیش کاریگەیی نییە. مردن تەنها گۆڕینی دۆخە کاتێك پەیوەندی نێوان جەستە و گیان دەبڕێت، دوای ئەوە تاهەتایە گیان بڵند دەبێتەوە ڕووەو ئافرێنەری خۆی.

دوای ئەوە یەکەکە دەچێت بۆ بابەتی ئامانج لە ژیـان، ناسـینی خـودا و ئامـادەبوون لەبەردەسـتی. لێـرەدا تەوەری گفتوگۆکە دەربـارەی دوو بیـرۆکەی سـەرەکی دەبێـت، یەکەمیـان ئامـانج لە ژیانمـان لەم جیهـانەدا، دووەمیـان گەشـتی گیـان دوای مـردن. گیـان نیشـانەیەکی خـوداییە و هەمـوو نێـو و سـیفەتەکانی خـودا هەڵدەگرێت. لەگەڵ ئەوەش، توانا ماتەکانی مرۆڤ شـاردراو دەبێـت و ناتوانێـت دەربکەوێـت ئەگەر بەهـۆی دیارکەوتنە خوداییەکانەوە نەبێت، ئەو بوونە پارسایانە کە ماوەیە جارێـك دێـن بـۆ ڕێپیشـاندانی مرۆڤـایەتی. لە ڕێگەی ئەو پەروەردەکردنە گیانییە کە داینی دەکەن، گەوهەرە پەنهانەکانی ناخمان دەردەکەون.

سەبارەت بە گەشتی گیان دوای مردن، زنجیرە بیرۆکەیەك خراوتە ڕوو بـۆئەوەی بەشـداربووان تێڕامـانی بۆ بکەن: ئەوانەی سەر بە خودان بەختەوەریی ڕاستەقینە دەبەنەوە، هەرگیز ناشکرێت کەسـمان کۆتـایی ژیـانی خۆی بزانێت، بۆیە پێویستە لەیەکتر خۆش بـین و هەسـت بە بەرزبـوون بەسـەر خەڵکـدا نەکەیـن، لە جیهـانی دیکە وەکو لەم جیهانەدا، گیان بەردەوام دەبێت لە بڵندبوون، هێزە گیانییەکـانیش کە لێـرەدا گەشـەمان پێکـرد ئەوا لەوێ هاوکاری و یارمەتیمـان دەدات، لەو جیهانەکـانی دیـکە خۆشەویسـتەکانمان دەناسـین و ژیـانی ئەم جیهانەمان یاد دێتەوە و خۆشحاڵ دەبین بە گیانە پارساکان.

بە دەقێك لە ئاسەوارەکانی حەزرەتی بەهائوڵڵا یەکەکە لە کۆتایی نزیك دەبێتەوە، تیایدا ئەو بەشەمان بـۆ دووپات دەکاتەوە کە لە جیهانی داهاتوو بۆمان دانراوە و هانمان دەدات بۆئەوەی ڕێگە نەدەینە ڕووداوەکـانی ئەم ژیـانە ببێـتە مـایەی خەم بۆمـان. دوای ئەوە، داوا لە بەشـداربووان دەکرێـت کە ڕابمێـنن لە ئەنجامەکـانی ئەوەی کە خوێندیان لەسەر ژیانی خۆیان.

# تێگەیشتن لە ئاسەوارە بەهائییەکان

## ئامانج

بوژاندنەوەی دابی خوێندنەوەی ڕۆژانەی

دەقەکانی ئاسەوارە پیرۆزەکان و

تێڕامان لە واتاکانی

# بەشی یەکەم

ئامانج لەم یەکەدا یارمەتیدانی تۆیە بۆ بوژاندنەوە و پتەوکردنی دابی خوێندنی ڕۆژانەی دەقە پیرۆزەکانە و تێڕامان لە واتاکانی. ئەم یەکەیە بە ڕاهێنانێکی سانا دەستپێدەکات و داوات لێدەکات یەك دەستەواژەی ڕستەیەك لە ئاسەوارە پیرۆزەکان بخوێنیتەوە و وەڵامی پرسێك بدەیتەوە، وەڵامەکەش خودی دەستەواژەکەیە. هەرچەندە ڕاهێنانەکان ئاسانە، بەڵام یارمەتیت دەکات بۆ تێڕامان و لە واتای دەستەواژەکە و لەبەرکردنی.

**"چاکسازیی جیهان بە کرداری باش و بێگەرد و ڕەوشتی پەسەند و پەسەندکراوەوە بووە و دەبێت."**[١]

١ـ چاکسایی جیهان چۆن دەبێت؟ ________________________________________

________________________________________________________________

**"بڵێ ئەی گەلی بەهاء وەك ئەوانە مەبن کە ئەوە دەڵێن وا لە دەروونیاندا نییە."**[٢]

٢ـ ئاگادارمان کردەوە کە وەك کێ نەبین؟ ________________________________________

**"ڕۆڵەی بوون، هەموو ڕۆژێك لێپیچنەوەی خۆت بکە پێش ئەوەی لێپێچینەوت لەگەڵدا بکرێت..."**[٣]

٣ ـ پێویستە چی بکەین پێش ئەوەی لێپێچینەوەمان لەگەڵدا بکرێت؟ ____________________

________________________________________________________________

**"بڵێ برایان، بە کردارەکانتان ڕازاوە بن نەك بە گوفتارەکانتان ."**[٤]

٤ ـ بەچی دەبێت ڕازاوە بین؟ ________________________________________

**"وتەی چاك و کرداری بێگەرد و پارسا بۆ ئاسمانی سەروەریی یەکتایی بڵند دەبنەوە."**[٥]

٥ ـ وتەی چاك و کرداری بێگەرد و پارسا چی دەکەن؟ ____________________________

________________________________________________________________

## بەشی دووەم

ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵە ڕاهێنانێکن پەیوەندییان بەو دەقانەوە هەیە کە ئێستا خوێندت. مەبەست لێیان یارمەتیدانی تۆیە بۆئەوەی لەگەڵ گرووپەکەت لێیان ڕامێنن دەربارەی گرنگیی دەقەکان و دەبێ بەشێوەیەکی میکانیزمی وەڵام نەدرێنەوە. ئەوە واناکات کە هەر ڕاهێنانێك پێویستی بە گفتوگۆیەکی زۆر هەیە. کاتێك ڕاهێنانەکە دەبێتە تەحەدایەك بۆت، ئەوا ڕێبەرەکەت یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بە جوانی بیدۆزیتەوە.

١ ـ "پەسەند و پەسەندکراو" واتا شایانی مەدح و بەشانداهاتنەوەیە. کام لەمانە پەسەند و پەسەندکراون؟

________ کە کرێکارێکی باش بیت.

________ کە ڕێزی خەڵك بگریت.

________ کە خوێنەرێکی تێکۆشەر بیت.

________ کە دروزن بیت.

________ کە تەمبەڵ بیت.

________ کە یارمەتی خەڵك بدەیت بۆ پێشکەوتن و بڵندی.

٢ ـ دەستەواژەی "پێش ئەوەی لێپێچینەوەت لەگەڵدا بکرێت" واتای چییە؟ ____________________

______________________________________________

٣ ـ کام لەم ڕستانە دروستن؟

________ چاکەکان لە جیهاندا کەمن، بۆیە کردارەکانیان کاریگەر نییە.

________ ئەوەی لەگەڵ بیروڕای خەڵك بگونجێت دروستە.

________ ئەوەی لەگەڵ ئامۆژگارییە خوداییەکان بگونجێت دروستە.

٤ ـ کام لەمانە کرداری چاك و بێگەردە؟

________ چاودێریکردن و فێرکردنی منداڵان.

________ دزیکردن.

ـــــــــــ نزاكردن بۆ بڵندبوون و پێشكەوتنی كەسانی دیكە.

ـــــــــــ درۆیەكی بچووك بۆ قورتاربوون لە تەنگانەیەك.

ـــــــــــ یارمەتیدانی خەڵك بە مەبەستی پاداشت وەرگرتن.

٥ ـ لە كام لەم هەڵوێستانە گوفتاری تاك جیاواز دەبێت لەگەڵ كرداری:

ـــــــــــ كەسێك بەردەوام دووبارە دەكاتەوە كە پێویستە هەموومان یەكگرتوو بین بەڵام بەشێوەیەك ڕەفتار دەكات كە دەبێتە هۆی ناكۆكی.

ـــــــــــ كەسێك بانگەشەی ژیانێكی بێگەرد دەكات بەڵام پەیوەندی سێكسی دەكات لە دەرەوەی بازنەی ژیانی هاوسەرگیری.

ـــــــــــ كەسێك ماوەیە جارێك مەی دەخواتەوە، كەچی بانگەشەی ئایینێك دەكات كە خورادنەوەی كحولییەكان یاساغ دەكات.

ـــــــــــ كەسێك بانگەشەی یەكسانی نێوان پیاو و ژن دەكات، بەڵام وەكو خاوەن كار پارەی كەمتر دەداتە ژنان بەرامبەر بە هەمان كار.

٦ ـ ئایا بۆ تاكی بەهائی هەیە گوناهەكانی خۆی بۆ مرۆڤێكی دیكە بدركێنێت؟ ـــــــــــــــــ

٧ ـ پێویستە چی بكات لەجیاتی ئەوەی گوناهەكانی خۆی بدركێنێت؟ ـــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

٨ ـ دەستەواژەی "ئاسمانی سەروەریی یەكتایی" واتای چییە؟ ـــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

٩ ـ كاریگەریی كرداری خراپ چییە لەسەر جیهان؟ ـــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

١٠ ـ كاریگەریی كرداری خراپ چییە لەسەر ئەنجامدەرانی؟ ـــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

## بەشی سێیەم

ئێستا، ئەم دەقانەی ئاسەوارە خوداییانە بخوێنەوە و لێی ڕامێنە، پاشان هەوڵ بدە لەبەریان بکەیت.

**"ڕاستگۆیی بناغەی هەموو چاکە مرۆڤایەتییەکانە."[٦]**

١ ـ بناغەی هەموو چاکە مرۆڤایەتییەکان چییە؟ ____________________

**"بەبێ ڕاستگۆیی ئەنجامهێنان و سەرکەوتن ئەستەمە بۆ هەر مرۆڤێك لە هەموو جیهانەکاندا."[٧]**

٢ ـ بەبێ ڕاستگۆیی چی ئەستەمە؟ ____________________

**"بڵێ خەڵکینە زمانتان بە ڕاستگۆیی و دەروونتان بە دەستپاکی بڕازێننەوە."[٨]**

٣ ـ دەبێ زمانمان بە چی بڕازێنینەوە؟ ____________________

٤ ـ دەبێ دەروونمان بە چی بڕازێنینەوە؟ ____________________

**"لە چاودا بێگەرد بن و لە دەستدا دەستپاك بن و لە زماندا ڕاستگۆ بن و لە دڵدا یادکار بن."[٩]**

٥ ـ دەبێ چاومان چۆن بێت؟ __________ و دەستمان چۆن بێت؟ __________ و زمانمان چۆن بێت __________ و دڵمان چۆن بێت؟ __________ .

**"ئەوانەی لەسەر ڕایەخی یەکتایی دانیشتوون و لەسەر تەختی سەروەریی پەناگە ئۆقرەیان گرتووە دەستیان درێژ ناکەن بۆ ماڵی دراوسێیان، هەرچەند کەم و بێبەها بێت، تەنانەت ئەگەر خۆراکیشیان نەبێت بۆ شکاندنی برسێتییان."[١٠]**

٦ ـ دەبێ چ کردارێك ڕەت بکەینەوە تەنانەت ئەگەر خۆراکیشمان نەبێت بۆ شکاندنی برسێتیمان؟ ____

____________________

____________________

## بەشی چوارەم

وەکو لە بەشی دووەم بینیت، هەندێك لە ڕاهێنانەکانی ئەم بەشە پێویستی بە وەڵامی یەکلاکەرەوەی هەیە. لەم دۆخانەدا، ئەگەر گومان لە وەڵامەکە هەبوو، ئەوا ڕێبەری گرووپەکەت و هاوڕێیانت یارمەتیت دەدەن بۆ گەیشتن بە یەکبوونی بیر. سەبارەت بە ڕاهێنانەکانی دیکە، سوودەکەی لە خودی گفتوگۆکردندا هەیە، چاوەڕوانیش ناکرێت یەك وەڵامی دیاریکراو هەبێت. ڕاهێنانی سێیەمی خوارەوە لە جۆری یەکەمە، بەڵام ڕاهێنانی شەشەم لە جۆری دووەمە.

١ ـ ڕاستگۆیی بناغەی هەموو چاکە مرۆڤایەتییەکانە. پێنج لەو چاکانە بژمێرە. ____________

____________________________________________

____________________________________________

٢ ـ ئایا دەتوانین ئەو چاکانە بەدەست بهێنین بەبێ ڕاستگۆیی؟ ____________

٣ ـ کام لەم دەستەواژانە دروستە؟

______ مرۆڤ دەتوانێت دادپەروەر بێت تەنانەت ئەگەر درۆش بکات.

______ دز کەسێکی دەستپاکە.

______ دەستپاك دەست نابات بۆ ئەوەی هی خۆی نییە.

______ تەماشاکردنی شتی بەرەڵڵایی پێچەوانەی ڕاسپاردەی حەزرەتی بەهائوڵڵایە کە دەبێ چاومان بێگەرد بێت.

______ ڕاستگۆیی واتە درۆنەکردن.

______ دەستپاکی ڕازاندنەوەی دەروونە.

______ کەسی ناڕاستگۆ دەتوانێت گیانی بڵند بێت.

______ دەکرێت هەندێ جار درۆ بکەیت.

______ دزیکردن لای خودا پەسەند دەبێت ئەگەر کەسەکە برسیی بێت.

______ بردنی شتێك بەبێ ڕوخسەتی خاوەنەکەی بە نیازی گەڕانەوەی بە دزی لەقەڵەم نادرێت.

________ کاتێ بە دەستپاکی کاردەکەین و ڕاستگۆ و دادپەروەر بین ئەوا دڵمان ڕۆشنا دەبێتەوە.

________ ئەستەمە بازرگانیمان قازانج بکات ئەگەر کەمێك فێلی لەگەڵدا نەبێت.

٤ ـ ئایا دەکرێت مرۆڤ درۆ لەگەڵ خۆی بکات؟ ________________

٥ ـ چی لەدەست دەدەین کاتێك درۆ بکەین؟ ________________

٦ ـ جیهان چۆن دەبێت ئەگەر هەموومان ڕاستگۆ و دەستپاك بین؟ ________________

________________________________

________________________________

## بەشی پێنجەم

ئەم دەقانە بخوێنەوە و هەوڵ بدە لەبەری بکەیت. لەبەرکردنی دەقەکانی ئاسەوارە خوداییەکان لەوپەڕی گرنگیدایە، دەبێ تەواوی هەوڵی خۆتی بۆ بدەیت. هەڵبەت، هەمووان پێیان ناکرێت بە ئاسانی دەقەکان لەبەربکەن. لەگەڵ ئەوەش، هەوڵدان یارمەتیمان دەدات بۆ نیگارکێشانی بیرۆکەکان لەنێو دڵ و مێشکمان و دەربڕینی بە وشەی نزیك بەپێی توانا لە دەقی ڕەسەن.

**"زمانی بەزەیی ڕاکێشەری دڵانە و خوانی گیانە و وەکو واتای پەیڤە و وەکو ئاسۆیەکە بۆ هەڵهاتنی خۆری دانایی و زانین."**[11]

١ ـ چۆن وەسفی زمانی بەزەیی دەکەین؟ ________________

________________________________

٢ ـ کاریگەری زمانی بەزەیی لەسەر پەیڤەکان چیە؟ ________________

**"خۆشەویستانی خودا! لەم چاخە پارسایەدا ناکۆکی و دەمەقاڵێ قەدەغەیە، هەر دەستدرێژیکارێکیش بێبەشە لە چاودێریی خودا."**[12]

٣ ـ بەپێی ئەم دەقەی سەرەوە، چی قەدەغەیە لەم چاخەدا؟ ________________

٤ ـ دەستدرێژیکار چیی بەسەردێت؟ ________________

**"لەم دۆزەدا زیانێك مەزنتر نییە لە گەندەڵی و ناكۆكی و دەمەقاڵێ و ساردبوون و پشتلێكردن نێوان خۆشەویستانی خودا."**[١٣]

٥ ـ چ شتێك مەزنترین زیان بە دۆزی خودا دەگەینەێت؟ ______

**"ڕازی مەبە بە دەرخستنی خۆشویستن تەنها بە گوفتار، با دڵت بە خۆشەویستی و خۆشەویستن گڕبگرێت بۆ هەر كەسێك كە دێتە ڕێت."**[١٤]

٦ ـ چ جۆرە خۆشویستنێك نابێت پێی ڕازی بین؟ ______

٧ ـ دەبێ چی لە دڵماندا گڕبگرێت؟ ______

**"كاتێك بیرۆكەی جەنگت بەبیر دێتەوە، بە بیرۆكەیەكی بەهێزتر بەربەركانێی بكەن كە ئاشتییە. بیرۆكەی ڕقلێبوونیش دەبێ بە بیرۆكەیەكی مەزنتر لەناوببردرێت كە خۆشویستنە."**[١٥]

٨ ـ بیرۆكەی جەنگ دەبێ بەچی بەرەنگاری بكرێت؟ ______

٩ ـ بیرۆكەی ڕقلێبوون دەبێ بەچی لەناوببردرێت؟ ______

## بەشی شەشەم

بە ڕەچاوكردنی دەقەكانی سەرەوە، ئەم ڕاهێنانە ئەنجام بدە:

١ ـ ڕاكێشان سیفەتێكی موگناتیسە، چۆن زمانی بەزەیی وەكو موگناتیس ڕەفتار دەكات؟ ______

______

٢ ـ كام لەم دەستەواژانە زمانی بەزەیی پەیڤی دەكات؟

______ "بێزارم مەكە!"

______ "بۆچی ئەوە تێناگەیت؟"

______ "بێزەحمەت دەتوانیت كەمێك چاوەڕێ بكەیت؟"

______ "چەند خراپن ئەو منداڵانە!"

______ "سوپاست دەكەم تۆ زۆر نیانیت."

________ "کاتی تۆم نییە ئێستا. من سەرقاڵم!"

٣ ـ لە کام لەم هەڵوێستانە ناکۆکی و دەمەقاڵێ هەیە:

________ دوو کەس دوو ڕای جیاوازیان هەیە لەکاتی ڕاوێژکردنی بابەتێك.

________ دوو کەس بێزارن و بەتوندی گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ یەکتر لەکاتی ڕاوێژکردنێك.

________ دوو کەس دەوەستێنەوە لە ئامادەبوونی دانیشتنی حەفتانەی نزاکردن لەبەرئەوەی لەگەڵ یەك تەبا نین.

________ ئەندامانی گروپێك پێکەوە پرۆژەیەك ئەنجام دەدەن و بەبەردەوامی بۆڵەبۆڵ دەکەن، هەریەکەیان دەڵێت ئەوی دی ڕۆڵی خۆی ناگێڕێت.

٤ ـ کام لەم دۆخانە ئاماژە دەکات بۆ ساردبوون و پشتلێکردن:

________ دوو برادەر لە جادە یەکتر دەبینن بەڵام خۆیان لەیەکتر بێئاگا دەکەن.

________ کەسێك دەگاتە دانیشتنی نزاکردن و هەمووان پێشوازییەکی تەواوی لێدەکەن.

________ دوو ئەندامی گروپێك، هەرچەندە ڕێزی یەکتر دەگرن، بەڵام دوودڵن لە بەشداریکردن پێکەوە لە پرۆژەیەك.

٥ ـ بڕیار بدە کە ئایا ئەم دەستەواژانە دروستن یان نە:

________ دەبێ ڕێك ڕای خۆت دەربڕیت بەرامبەر بە خەڵك، گرنگ نییە ئەگەر دڵیان بڕەنجێت.

________ لاری نییە لە درۆکردن بۆ خۆپارستن لە ناکۆکی.

________ دەتوانین زاڵ بین بەسەر ناکۆکی بە خۆشویستن و خۆشەویستی.

________ وشەکان کاریگەرییان توندتر دەبێت ئەگەر بە خۆشویستنەوە بووترێن.

________ خراپ نییە شەڕ بکرێت لەگەڵ کەسێك ئەگەر ئەو دەستی پێ کردبێت.

________ لە نیانیدا نییە گاڵتە بە کەسانی دیکە بکرێت کاتێك هەڵەیەك دەکەن.

________ کاتێك دوو برادەر لەیەك پەست دەبن، دەبێ هەریەك لێیان هەوڵ بدات بۆئەوەی لەوی دیکە نزیك ببێتەوە.

________ کاتێك دوو برادەر لەیەك پەست دەبن، دەبێ هەریەك لێیان چاوەڕێ بکات بۆئەوەی کەسەکەی دیکە لێی نزیك ببێتەوە.

## بەشی حەوتەم

ئەم دەقانە بخوێنەوە و لەبەریان بکە:

**"...پاشەملە چرای ڕۆشنای دڵ دەکوژێنێتەوە، ژیان لە دڵدا دەمرێنێت."[١٦]**

**"هەناسە بە هەڵەی کەس مەدە کە خۆت هەڵەیت."[١٧]**

**"خراپە مەڵێ، دەیبیستیتەوە و کەموکورتییەك گەورە مەکەرەوە تا کەموکورتیەکەت گەورە نەکرێت."[١٨]**

**"ڕۆڵەی بوون، جۆن کەموکورتیەکانی خۆت لەیادکرد و سەرقاڵی کەموکورتیەکانی پەرستانم بوویت."[١٩]**

١ ـ کاریگەری پاشەملە چیە لەسەر ئەو کەسەی کە ئەنجامی دەدات؟ ________________

________________________________________

٢ ـ پێویستە بیر لە چی بکەیتەوە پێش ئەوەی هەناسە بە هەڵەی خەڵك بدەیت؟ ____________

________________________________________

٣ ـ چی ڕوو دەدات ئەگەر کەموکورتیی خەڵك گەورە بکەینەوە؟ ________________

________________________________________

٤ ـ پێویستە یادی چی بکەین پێش ئەوەی بیر لە کەموکورتیی خەڵك بکەینەوە؟ ____________

________________________________________

## بەشی هەشتەم

بە ڕەچاوکردنی دەقەکانی سەرەوە، ئەم ڕاهێنانە ئەنجام بدە:

١ ـ چی بەسەر بڵندبوونی گیانی ئەو کەسە دێت کە جەخت دەکاتە سەر کەموکورتیی خەڵك؟ ______

____________________________________________

٢ ـ کاریگەریی پاشەملە چییە لەسەر کۆمکاریی خۆجێی؟ ______________________

____________________________________________

٣ ـ چی دەکەیت کاتێك برادەرێك دەست دەکات بە باسکردنی کەموکورتیی کەسێکی دیکە؟ ______

____________________________________________

٤ ـ بڕیار بدە کە ئایا ئەم دەستەواژانە دروستن یان نە:

______ کاتێك باسی کەموکورتیی ڕاستەقینەی کەسێك بکەین، ئەوا پاشەملە ناکەین.

______ کاتێك باسی هەردوو سیفەتە چاکەکان و کەموکورتییەکانی کەسێك بکەین، ئەوا پاشەملە ناکەین.

______ پاشەملە بووەتە شتێکی باو لە کۆمەڵگامان، پێویستە گەشە بە خۆڕاگرتنمان بدەین بۆئەوەی لێی ڕزگار بین.

______ ئەگەر گوێگر بەڵێن بدات کە نەیڵێتەوە، ئەوا گرفت نییە ئەگەر پاشەملە بکەین.

______ پاشەملە دوژمنترینی یەکبوون و یەکێتییە.

______ ئەگەر هەمیشە فێری دابی قسەکردن لەسەر خەڵك بین، ئەوا بە ئاسانی تووشی داوی پاشەملە دەبین.

______ کاتێك لە دانیشتنێکی کۆڕی گیانیی خۆجێی لێکۆڵینەوە دەکرێت دەربارەی تواناکانی کەسانێکی جیاجیا، ئەوا بە پاشەملە لەقەڵەم دەدرێت.

______ کاتێك مەیلێکی زۆرمان دەبێت بۆ پاشەملەکردن، پێویستە بیر لە کەموکورتییەکانی خۆمان بکەینەوە.

ـــــــــــــ کاتێـك دەزانـین کە کەسـێك ئـازاری دۆزی خـودا دەدات، پێویسـتە لەگەڵ ئەنـدامانی کۆمکاری خۆجێی باسی بکەین.

ـــــــــــــ کاتێك دەزانین کە کەسێك ئـازاری دۆزی خـودا دەدات، پێویسـتە تەنهـا هەواڵ بە کـۆڕی گیانیی خۆجێی بدەین.

ـــــــــــــ هەڵەیەك نییە ئەگەر دوو هاوسەر پێکەوە باسی کەموکـورتیی خەڵـك بـکەن، چـونکە نهێنـی لەنێوانیاندا نییە.

## بەشی نۆیەم

ئامـانجی ئەم یەکەیە وەکـو لە سـەرتادا باسـمان کـرد، یارمەتیـدانی بەشـداربووانە بـۆ هەوڵەکانیـان بـۆ بوژانـدنەوە و پتەوکردنـی دابـی خوێنـدنی ڕۆژانەی دەقەکـانی ئاسـەوارە پیرۆزەکـانە و تێڕامـان لە واتاکـانی. خوێندنەوەی ئایەتەکانی خودا لە هەموو بەیانیان و ئێوارانێك یەکێکە لە گرنگترین ئامۆژگارییەکانی حەزرەتـی بەهائوڵڵا کە دەبێتە هۆکاری بوژانـدنەوەی گیانیمـان. ئەم دەقەی خـوارەوە ئەو بەهرانەمـان یـاد دەهێنێـتەوە کە وەریدەگرین بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، هانت دەدەین لەبەری بکەیت:

**"بژەنێنە نێو دەریای فەرمایشتم بەشکو مرواریيەکانی دانایی و نهێنییەکانی نێوی دەربهێنن."[٢٠]**

بە تەواوکردنت بۆ ئەم یەکەیە، ڕەنگە حەز بکەیت پەرتووکێك لە ئاسەوارەکانی حەزرەتـی بەهـائوڵڵات دەرسـتبکەوێت و هەمـوو ڕۆژێـك لێـی بخـوێنیتەوە. پەرتـووکی وشـە پەنهانەکـان باشـترینیانە کە یەکەمجـار هەڵیببژێریت.

# سەرچاوەکان

١ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، دەپی دونیا، *کۆمەڵە دەپێکی حەزرەتـی بەهـائوڵلا کە لە دوای کیتابولئەقدەسـدا دابەزیـوون*، (لە بلاوکراوەکـانی خانەی بلاوکردنەوە لە بەڕازیل، ٢٠٠٦) لا. ١١١.

٢ ـ *منتخاباتی از آثار حضرت بهاء الله* (هوفهایم مؤسسه مطبوعات امری آلمان، ٢٠٠٦)، دەقی ژ ١٣٩، لا. ١٢٠.

٣ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *وشە پەنهانەکان*، (لە بلاوکراوەکانی خانەی بلاوکردنەوەی بەهائی لە بەڕازیل، ١٩٩٥) لا.١٢٠.

٤ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *وشە پەنهانەکانی فارسی*، ژ ٥، وەرگێڕانی ووردبینکراو و بلاونەکراوە.

٥ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ ٦٩.

٦ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *بەهائوڵلا و چاخی نوێ*، (دەزگای خانەی ئەلڕەیحانی بەیروت، ١٩٧٢)، لا. ٩٤.

٧ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا. ٩٤.

٨ ـ *منتخباتی از آثار حضرة بهاء الله*، دەقی ژ ١٣٦، لا. ١١٧.

٩ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، دەپی دانایی، *کۆمەڵە دەپێکی حەزرەتی بەهائوڵلا کە لە دوای کیتابولئەقدەس دابەزیوون*، لا. ١٢٦.

١٠ ـ *Gleanings from the Writings of Bahá'u'lláh* (ویلمت: خانەی بلاوکردنەوەی بەهائی، ١٩٨٣، ٢٠١٧)، دەقی ژ ١٣٧، لا. ٣٣٦.

١١ ـ *منتخباتی از آثار حضرة بهاء الله*، دەقی ژ ١٣٢ لا. ١١٤.

١٢ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *دەپەکانی ڕاسپاردەکان*، دەقی ژ ٥، لا. ٣.

١٣ ـ *منتخباتی از آثار حضرة بهاء الله*، دەقی ژ ٥، لا، ٣.

١٤ ـ لە وتارێکدا لە ڕێککەوتی ١٦ و ١٧ ی تشرینی یەکەم / ئۆکتـۆبەر ١٩١١ دا، لە: *Paris Tallks* بـلاو کـراوەتەوە. چەنـد وتارێـك حەزرەتی عەبدولبەهاء لە پاریس فەرموویەتی لە ساڵی ١٩١١، (ویلمت: خانەی بلاوکردنەوەی بەهائی، ٢٠٠٦، ٢٠١٦)، ژ ٦ و ٧ ، لا. ٦.

١٥ ـ لە وتارێکدا کە حەزرەتی عەبدولبەهاء فەرمـوویەتی لە ڕێککەوتـی ٢١ ی تشـرینی یەکەم / ئۆکتـۆبەر ١٩١١، هەمـان سـەرچاوەی پێشوو، ژ ٦ و ٧، لا. ٢٢.

١٦ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *ڕەوانبوون*، (خانەی بلاوکردنەوەی بەهائی لە بەڕازیل، ١٩٩٧)، لا. ١٦٣.

١٧ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *وشە پەنهانەکان*، لا. ١٥.

١٨ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، وشە پەناهانەکانی فارسی، ژ ٤٤، وەرگێڕانی ووردبینکراو و بلاونەکراو.

١٩ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *وشە پەنهانەکان*، لا. ١٥.

٢٠ ـ *منتخباتی از آثار حضرة بهاء الله*، دەقی ژ ٧٠، لا. ٥٤.



# نـزا و نـوێـژ

## ئامانج

**تێڕامان لە گرنگیی نزا و نوێژ و**

**پتەوکردنی دابی خوێندنەوەی ڕێکی نزا.**

# بەشی یەکەم

ئامانجی خولەکانی ئینسستتیوتی ڕووحی یارمەتیدانی بەشداربوونە بۆ ڕێکردن لەسەر ڕێگای ڕاژە. ئێمە لەسەر ئەم ڕێگایە دەڕۆین و دوو هەستی ئامانج هانمان دەدات، کە لەڕووی گیانی و هزریەوە گەشەبکەین و بەشداری بکەین لە گۆڕینی کۆمەڵگا. ئەم دوو بوارەی ئامانجەکەمان لەیەك جیا نابنەوە. حەزرەتی بەهائوڵلا لە دەقێکدا پێمان رادەسپێرێت:

**"سەرقاڵی کاروباری خۆتان مەبن بەڵکو بیربکەنەوە لە چاکسازیی جیهان و ڕاهاتنی نەتەوەکان."**[١]

حەزرەتی لە دەقێکی دیکەدا ڕوونی دەکاتەوە:

**". . . ئەم کەسە لەناوچووانە لە نەبوونی تەواوەوە پێیان لەسەر جیهانی بوونـدا نـا بـۆئەوەی لەپێناوی چاکسازیی جیهان کاربکەن و بە هەموو یەکێتی و تەباییەك پێکەوە بژین."**[٢]

حەزرەتی سەبارەت بە دۆخی ناخمانەوە دەفەرموێ:

**"دڵی بێگەرد وەکو ئاوێنە وایە، بە لووسکاری خۆشەویستی و دابڕان لە لەخودا کەمتر خاوێنی بکەرەوە."**[٣]

حەزرەتی عەبدولبەهائیش پێمان ڕادەگەیەنێت:

**"بێگەردیی دڵ و پوختیی ڕاز ئەنجام بدەن بۆئەوەی لێرژاو بن لە لێرژاوە خوداییەکان."**[٤]

١ ـ دەبێ بیرمان بخەینە سەر چی و پێویستە سەرقاڵی چی بین؟ ______________________

______________________________________________

______________________________________________

٢ ـ بۆچی پێمان خستە سەر جیهانی بوون لە نەبوونێکی تەواودا؟ ______________________

______________________________________________

______________________________________________

٣ ـ پێویستە ئاوێنەی دڵمان بەچی خاوێن بکەینەوە؟ ______________________

______________________________________________

٤ ـ ئەو دۆخانە چین کە لێڕژاوە خوداییەکان ڕادەکێشن؟ ______________________________

____________________________________________________________

٥ ـ کام لەمانە دروستن؟

_____ دەبێ یەکەمجار بایەخ بەخۆت بدەیت، پاشان دەتوانیت بایەخ بە کەسانی دیکە بدەیت.

_____ ئەگەر هەمیشە یارمەتی خەڵك بدەیت، ئەوا وات لێدێت ئامانجە تایبەتەکانت فەرامۆش بکەیت.

_____ خۆت نزیکترین هاوڕێیت بۆ خۆت.

_____ گرنگترین شت ئەوەیە کە ئەو شتە بدۆزیتەوە وا دڵخۆشت دەکات.

_____ شوێنکەوتەی خەونەکات بە، بەرەو بەختەوەری دەتبەن.

_____ مادەم زیانت بۆ کەس نییە، ئیتر گرنگ نییە چی بکەیت.

_____ قەیناکا پاڵنەرەکانت خۆپەرستی بن مادەم هەندێك چاکە دەکەیت.

## بەشی دووەم

ئێمە هەمووان بە مەردی ئافرێندراوین، ئەوە بیروباوڕێکی تەوەرییە لە دوو ئامانجەکەمان. حەزرەتی بەهائوڵلا دەفەرموێ:

**"ڕۆڵەی گیان، بە دەوڵەمەندیت ئافراندم چۆن هەژار دەبیت، سەربەرز دروستم کردی بەچی ملشۆڕ دەبیت، لە گەوهەری زانستدا دەرمخستیت بۆچی لە لەمن بەخوارتر زانیاری دەبەیت، لە قوڕی خۆشەویستی شێلاندمت چۆن سەرقاڵی کەسی دیکە دەبیت، جا چاو بەخۆتدا بخشێنە تا لەناختدا بمبینیت ڕاوەستاو و بەتوانا و توانادار و ڕەوانم."[٥]**

پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە یارمەتیت دەدەن بۆ تێڕامان لەم دەقەدا:

"ڕۆڵەی گیان! _______ ئافراندم چۆن _______ ، _______ _______ بەچی _______ ، لە _______ _______ دەرمخستیت بۆچی لە _______ _______ ، لە قوڕی _______ _______ _______
چۆن _______ _______ ، جا _______ _______ بخشێنە تا لەناختدا _______ _______ _______ و
_______ و _______ و _______."

بۆئەوەی ئەمەکدار بین بۆ مەردیی گیانەکانمان، دەبێ ڕوو لە سەرچاوەی بوونمان بکەین و لێی بزانین. یەکێك لە گرنگترین ڕێگا بۆ بەدیهێنانی ئەوە لەڕێگەی نزاکردنەوە دەبێت. حەزرەتی شەوقی ئەفەندی پشتگری دۆزی خودا پێمان ڕادەگەیەنێت، کە ئامانجی سەرەکیی نزا "پێشکەوتنی تاك و کۆمەڵگایە لەڕێگەی وەرگرتنی چاکە و هێزە گیانییەکان. چونکە دەبێ یەکەمجار خۆراك بە گیانی مرۆڤ بدرێت، نزاکردنیش باشترین شتە کە ئەو خۆراکە دابین دەکات."[٦]

## بەشی سێیەم

خودا خۆی زانا و دانایە. ئەو ئێمەی ئافراند و دەزانێت چی لە نێو دڵماندایە و چی باشترینە بۆمان، پێویستیشی بە نزای ئێمە نییە. کەواتە بۆچی نزا دەکەین؟

حەزرەتی عەبدولبەهاء دەفەرموێ:

**"بالاترین جۆری موناجات ئەوەیە کە بە مەبەستی خۆشویستنی خودایە، نەك لە ترسی خودای گەورە یاخود لە ئاگرەکەی و نەك بەهیوای چاکەکەی یاخود بەهەشتەکەی. . . ئەگەر مرۆڤێك شەیدای خۆشویستنی خۆشەویستێك بێت، ئەوا ئەستەمە یادی لەسەر زاری بکەوێت. ئاخۆ دەبێ ئەوەی هەست بە خۆشویستنی خودا بکات چۆن بێت، ئایا بۆی سەخت نییە ئەگەر بێدەنگ بێت لە یادکردنی ئێوی؟ . . . مرۆڤی گیانیش لە هیچ شتێکدا چێژ نابینێت تەنها یادکردنی خودا نەبێت."[٧]**

لە وەڵامدانی پرسێکیش، حەزرەتی دەفەرموێ:

**"ئەگەر برادەرێك هەستی بە خۆشویستنی برادەرێکی دیکەی کرد، ئایا سروشتی نییە کە گوزارشت لە خۆشویستنی خۆی بکات؟ هەرچەندە هاوڕییەکەی بەو خۆشویستنە دەزانێت، ئایا لە حەزی ئەو گوزارشتە نامێنێت؟ . . . ڕاستە خودا حەزەکانی دڵ دەزانێت، بەڵام پاڵنەری موناجات پاڵنەرێکی سروشتییە لە خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ خودا هەڵدەقوڵێت."[٨]**

١ ـ ئەم ڕستانە تەواو بکە:

أ ـ ________ جۆری موناجات ئەوەیە کە بە ________ ________ خودایە، نەك لە ترسی خودای گەورە یاخود لە ________ و نەك بەهیوای ________ یاخود ________ .

ب ـ کاتێك شەیدای ________ خۆشەویستێك بین، ئەوا ________ یادی لەسەر زارمان بکەوێت. ئاخۆ دەبێ ئەوەی هەست بە ________ خودا بکات چۆن بێت، ئایا بۆی ________ ئەگەر بێدەنگ بێت لە ________ ؟

ج ـ مرۆڤی گیانی له هیچ شتێکدا ـــــــــ نابینێت تەنها ـــــــــ خودا نەبێت.

٢ ـ بۆچی نزا دەکەین؟ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

٣ ـ دەستەواژەی "یادکردنی خودا" واتای چییە؟ ـــــــــــــــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

٤ ـ ڕاستگۆترین حەزی کەسێك چییە کە کەسێکی دیکەی خۆشبوێت؟ ـــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

٥ ـ پاڵنەری موناجات لە چیەوە هەڵدەقوڵێت؟ ـــــــــــــــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

## بەشی چوارەم

لە نوێژێکدا کە لەلایەن حەزرەتی بەهائوڵڵادا دابەزیوە، دەخوێنینەوە:

**"داوات لێدەکەم. . . نوێژەکەم بکەیتە ئاگرێك ئەو پەردانەم بسوتێنێت کە ڕێگرن لە تەماشاکردنی جوانیت و ڕووناکییەك دەریای گەیشتنتم پیشان بدات. ."[9]**

لەو نوێژەدا داوا لە خودا دەکەین:

**"ئای پەروەردگارم نوێژەکەم بکە سازگاری هەرەژیان تاکو خودم بە مانەوەی دەسەڵاتت بمێنێتەوە و هەر جیهانێك لە جیهانەکانت یادت بکەن."[10]**

١ ـ چۆن دەکرێت نوێژ ببێتە ئاگرێك؟ چی دەستوێنێت؟ ـــــــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

٢ ـ هەندێك لەو پەردانە بژمێرە کە ڕێگریمان لێدەکەن لە خودا. ـــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

٣ ـ ئایا دەکرێ نوێژ ببێتە ڕووناکی؟ کوێمان پێ پیشان دەدات؟ ________________

________________

________________

٤ ـ ئایا دەکرێ نوێژ ببێتە سازگاری هەرەژیان؟ چی بە گیانمان دەکات؟ ________________

________________

________________

________________

## بەشی پێنجەم

ئەم ڕاگەیاندنانەی حەزرەتی عەبدولبەهاءە بخوێنەوە و لە وتاکانی ڕابمێنە:

**"لە جیهانی بووندا شتێك بەچێژتر نییە لە نزا و موناجات. دەبێ مرۆڤ لە دۆخێکی موناجاتی ڕەوادا بژیت، دۆخی موناجات و پاڕانەوە باشترینی دۆخەکانن. نزا دواندنە لەگەڵ خودا، هیچ بردنەوەیەك مەزنتر نییە یاخود دۆخێك بەچێژتر نییە لە دواندن لەگەڵ خودا، چونکە گیان دەبوژێنێتەوە و بیر و هەستە مەلەکووتییەکان بەئاگا دەهێنێتەوە و پشتگیرییە خوداییەکان ڕادەکێشێت و توانای تێگەیشتن و لێگەیشتنێکی بەرزتر پەیدادەکات."[11]**

١ ـ بەچێژترین دۆخ لە جیهانی بووندا چییە؟ ________________

________________

٢ ـ مەبەست چییە لە دەستەواژەی "دۆخی موناجاتی ڕەوا"؟ ________________

________________

________________

٣ ـ هەندێك لەو سیفەتانە بژمێرە کە نزاکردن دەبووژێنێتەوە: ________________

________________

________________

٤ ـ بڕوانە ئەو دەقانە کە لەم بەشە کەمانەدا خوێندت و پێنج دەستەواژە بنووسە دەربارەی سروشتی نزا.

ـ نزا ______

ـ نزا ______

ـ نزا ______

ـ نزا ______

ـ نزا ______

## بەشی شەشەم

ئەم فەرمایشتانەی حەزرەتی بەهائوڵڵا بخوێنەوە و لە واتاکانی ڕابمێنە:

**"ئەی بەندە بخوێنەوە لەو ئاسەوارانەی خودا کە پێت گەیشتوون بە هەزارانی نزیکەکان بۆئەوەی دەروونت پێی ڕاکێشیت و لە ئاوازەکانتەوە دڵی سەرجەم ئافریدەکانیش ڕاکێشیت، ئەوەش کە لە ماڵەکەیدا بە تەنیا ئایەتەکانی خودا دەخوێنێتەوە تاکو فریشتە بڵاوکارەکان شنەکانی بڵاو بکەنەوە هەموو لایەك و هەر دەروونێکی ساغ وەربگیرێت، ئەگەرچی لە دەروونیدا هەستی پێ نەکات بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو چاکەیە لەسەری دیاردەکەوێت، وەهاش شاراوەکانی دۆزەکە لەلایەن دانەرێکی داناوە دانراون."[١٢]**

١ ـ واتای "بخوێنەوە . . . بە هەزاران" چیە؟ ______

______

٢ ـ دەبێ چۆن ئاسەوارەکانی خودا بخوێنینەوە؟ ______

______

______

______

٣ ـ واتای دەستەواژەی "ئایەتەکانی خودا دەخوێنێت" چییە؟ ______

______

٤ ـ واتای دەستەواژەی "شنەکانی بڵاو دەکاتەوە" چییە؟ ______

___

٥ ـ كاریگەریی ئاوازەكانمان چییە لەسەر گیانمان؟ ______

___

٦ ـ كاریگەریی ئاوازەكانمان چییە لەسەر دڵی خەڵك؟ ______

___

___

## بەشی حەوتەم

لەوانەیە حەز بكەیت ئەم دوو دەقە لەبەربكەیت كە لەنوێژێك دابەزیووە لەلایەن حەزرەتی بەهائوڵلاوە:

**"خودایە خودایە مەڕوانە هیوا و كردراەكانم بەڵكو بڕوانە خواستی خۆت كە ئاسمانان و زەویی داپۆشیوە. بەنێوی هەرەمەزنت ئەی خاوەنی نەتەوەكان تەنها هەر ئەوەم دەوێت كە دەتەوێت و ئەوەم خۆشدەوێت كە خۆشتدەوێت."[١٣]**

**"ستایش بۆ تۆ لەوەی یادكردنی نزیكەكان بگاتە ئاسمانی نزیكیت یان باڵندەی دڵی دڵسۆزان بگاتە بەر دەرگات، گەواهی دەدەم كە تۆ دووریت لە سیفەتەكان و پاكیت لە نێوەكان هیچ خوداوەندێك نییە جگە لە تۆی بەرز و پڕشنگدار."[١٤]**

## بەشی هەشتەم

حەزرەتی عەبدولبەهاء دەفەرموێ:

**"شایستەیە بۆ بەندە دوعا بكات و داوای فریاد لە خودا بكات و نزا بكات و لێی بپاڕێتەوە ئەمە كاروباری بەندایەتییە و پەروەردگاریش بەوپەڕی داناییەكەی خواستی خۆی ئەنجام دەدات."[١٥]**

هەروەها حەزرەتی ڕوونی دەكاتەوە:

**"گیان دەسەڵاتی هەیە، نزاش كاریگەریی گیانیی هەیە. لەسەر ئەوە ئێمە نزا دەكەین و دەڵێین 'پەروەردگار ئەم نەخۆشە شیفا بدە!'، بەشكو خودا وەڵامی نزاكەمان بداتەوە. ئایا ئەو كەسەی نزا دەكات**

**گرنگە؟ خودا وەڵامی نزای هەر بەندەیەك لە بەندەكانی دەداتەوە ئەگەر نـزاكە بە پێـداگری بێـت، چـونكە میهرەبانییەكەی فراوانە و بێسنوورە. ئەو وەڵامی نزای سەرجەم پەرستانی خۆی دەداتەوە، بەڵكو وەڵامی نزای ئەم ڕووەكەش دەداتەوە. وەكو ئەوەبێت كە ڕووەك نزا بكات و بڵێت 'ئای پەروەردگـار، بـارانم بـۆ داگـرە!'، لێرەدا خودا وەڵامی نزاكە دەداتەوە جا ڕووەكەكە گەشە دەكات. لەبەرئەوەی خودا وەڵامی هەموو داواكارێك دەداتەوە."[١٦]**

شتێكی ئاساییە كە لە نزاكانمانـدا داوا لە خـودا بكەیـن پێداویستییەكانمان دابـین بكـات. بـۆیە لەپێنـاوی تەندروستیمان و تەندروستیی خۆشەویستانمان داوا دەكەین، هەروەها لە پێناوی پێشكەوتنی گیانی و ماددی بۆ خێزانەكانمان داوا دەكەین، داوای ڕێبەرایەتی دەكەین. داوای هێـز و بـاوەڕ و پشـتگیری دەكەیـن لە ڕێگـای ڕاژەكردن. لە نزاكانمان بۆ خودادا، هەڵبەت دەبێ لەیادمان بێت كە ئامانجمان لەم ژیانەدا هاوتـایی خواسـتمانە لەگەڵ خواستی ئەو. بۆیە دەبێ نزا بكەین كە خودا خواستی خۆی بهێنێتەدی و ئامادەبین بـۆ ملكەچبـوون بـۆ ئەو خواســتە. ئەگەر بێــت و ئەم فەرمایشــتەی حەزرەتــی بەهــائوڵڵایە لەبەربكەیــت، ئەوا هەمیشــە دەبێــتە سەرچاوەیەك بۆ دڵخۆشی و ئاسوودەیی بۆت.

**"ئەی ئەو كەسەی ڕووت لە خودا كردووە، چاوت بنووقێنە لە هەموو ئەوەی لەو كەمترە و بـیكەرەوە سەر مەلەكووتی هەرەبڕشنگ، ئەوەی دەتەوێت تەنها لەو داوای بكە و ئەوەی تامەزرۆیت لێـی داوای بـكە نەك لەخۆی كەمتر. بە سەیركردنێكی سەد هەزار شت ئەنجام دەدات و بە ئاوڕدانێكی سەد هەزار دەردی بێ دەرمان تیمار دەكات، بە ئاماژەیەكی مەرهەم دەخاتە سەر برینەكان، بە تەماشاكردنێكی دڵان ئازاد دەكات لە كۆتی غەم. خواستی خۆی دەكات و ئەوەی دەیەوێ حوكمی دەكات، ئێمەش چیمان پێ دەكرێت. كەواتە كاروبارت ڕادەستی خودا بكە و پشت ببەستە بە پەروەردگارە میهرەبانەكە."[١٧]**

## بەشی نۆیەم

دیارە لەوەی تا ئێستا خوێندمان كە لە نزادا ڕووكردن لە خودا مەرجێكی زینـدووە بـۆ ژیـانێكی گیـانی. چەند خۆشە كە بەیانیان بەئاگادێینەوە یەكسەر نزا بۆ خودا بكەین هەروەها شەوان پێش نووسـتن. ئەو كـاتەی ڕۆژانە بەسەری دەبەیت بە نزاكردن و ژمارەی نزاكان كە دەیخوێنیتەوە بەگـوێرەی پێویسـتیمان و تینووبـوونی گیانیمانە. هەموو كاتێك دەتوانین لەو نزایانە هەڵبژێرین كە حەزرەتی بەهائوڵڵا و حەزرەتی بـاب و حەزرەتـی عەبـدولبەهاء دایـانگرتووە. هەروەهـا حەزرەتـی بەهـائوڵڵا سـێ جـۆری نـوێژی فەرزی ڕۆژانەی داگرتـووە. حەزرەتی شەوقی ئەفەندی دەفەرموێ:

**"نوێژە ڕۆژانە فەرزەكان سیانن. كورتەكە، بریتییە لە یەك ئایەت و دەبێ بیست و چوار كاژێر جارێـك بخوێنـدرێتەوە كـاتی نیـوەڕۆ. نێوەنـدەكە، كە دەسـتپێدەكات بە وشـەكانی 'خـودا گەواهیـی دا كە هـیچ**

**خوداوەندێك نییە جگە لە خۆی' دەبێ ڕۆژانە سێ جار ئەنجام بدرێت بەیانیان و نیوەڕوان و ئێواران. ئەم نوێژەش جوولەی جەستەیی دیاریکراوی لەگەڵە. بەڵام نوێژی درێژ، لە نوێژەکانی دیکە وردترە، دەبێ هەر بیست و چوار کاژێرێك تەنها یەك جار ئەنجام بدرێت و لە هەر کاتێك کە مرۆڤ هەستی کرد بیکات.**

**"باوەڕدار ئازادیی ڕەهای هەیە لە بژارکردنی هەرکام لەم نوێژانە، بەڵام هەر دەبێ یەکێکان ئەنجام بدات بەپێی هەر ڕێنماییەکی دیاریکراو کە لەگەڵیدایە."[١٨]**

پاشان حەزرەتی دەفەرموێ:

**"ئەم نوێژە ڕۆژانە فەرزە و هەندێك نزای دیاریکراوی دیکەش، وەکو دەپی شیفا و دەپی ئەحمەد، حەزرەتی بەهائوڵڵا هێز و گرنگییەکی تایبەتیان تێ سپاردووە، بۆیە دەبێ بەم شێوەیە پەسەند بکرێن و بە باوەڕێکی جێگیر و متمانەیەکی ڕەهاوە لەلاین باوەڕداران بخوێندرێن، بۆئەوەی بتوانن لەڕێگەیانەوە لە خودا نزیك ببنەوە و گوێڕایەڵی حوکم و ڕاسپاردەکانی بن."[١٩]**

سێ نوێژە ڕۆژانە فەرزەکان کە حەزرەتی بەهائوڵڵا دایانگرتووە بە تەنیا دەخوێنرێن. نوێژی بەکۆمەڵ کە کۆمەڵێك پێکەوە ئەنجامی دەدەن بەپێی ڕێوڕەسمێکی دیاریکراو لە ئایینی بەهائیدا بوونی نییە. تەنها نوێژی مردوو نەبێت بەپێی حوکمە بەهائییەکان بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت. ئەوەیش لەلایەن یەکێك لەنوێژکارانەوە دەخوێنرێتەوە و سەرجەم کەسانی دیکەش بەبێ دەنگی دەمێننەوە.

١ ـ وشەی فەرز واتای چییە؟ ____________________

____________________

٢ ـ ژماری نوێژە ڕۆژانە فەرزەکان چەندن کە حەزرەتی بەهائوڵڵا دایانگرتووە؟ ____________________

____________________

٣ ـ ئایا پێوستە لەسەرمان ڕۆژانە سێ نوێژەکە ئەنجام بدەین؟ ____________________

٤ ـ ئەگەر نوێژە درێژەکە بکەین، دەبێ ڕۆژانە چەند جار ئەنجامی بدەین؟ ____________________

٥ ـ ئەگەر نوێژی ناوەندمان هەڵبژارد چەند جارە؟ ____________________

٦ ـ ئەگەر نوێژی کورتمان هەڵبژارد چەند جارە؟ ____________________

٧ ـ نێوی هەندێك نزا بنووسە کە هێزێکی تایبەتیان تیایدا سپێردراوە: ____________________

____________________

____________________

٨ ـ نوێژی کورت لەبەربکە، ئەگەر هێشتا لەبەرت نەکرووە:

**" خودایە گەواهی دەدەم کە تۆ بۆ ناسینی خۆت و پەرستنی خۆت منت ئافراندووە. لەم ساتەدا دان دەنێم بە لاوازیی خۆم و هێزی تۆ و بێ توانایی خۆم و توانای تۆ و هەژاری خۆم و دەوڵەمەندیی تۆ. هیچ خوداوەندێك نییە جگە لە تۆی زاڵ و ڕەوان."[٢٠]**

٩ ـ لەم نوێژەدا چی دەدرکێنین؟ ___________________________

___________________________

___________________________

## بەشی دەیەم

سەرەڕای ئەو داڕشتانەی کە وەریدەگرین دەرئەنجامی گوێڕایەڵبوونی حوکمی فەرزی نوێژ و ئەو خۆراکە کە دەستمان دەکەوێت لە خوێندنەوەی بەتاکی نزاکانی دیکە، پێویستیشە لەیادمان بێت کە کاتێك لە کۆبوونەوەکان گوێ دەگرین گیانمان بڵند دەبێت. حەزرەتی بەهائوللا پێمان ڕادەگەیەنێت:

**"بە خۆشی و شادومانی کۆ ببنەوە پاشان ئایەتەکانی میهرەبان بخوێننەوە، دەرگاکانی ناسین دەکرێتەوە بۆ دڵتان، کەواتە دەروونتان لە ڕاستەڕێی دەبینن و دڵتان لە خۆشییەکی بەرچاو."[٢١]**

کە دەزانین دانیشتنەکانی نزا کە هاوڕێ و دراوسێکان تیایدا کۆ دەبنەوە لە هەموو جیهان بە هەزاران زیاد دەبن، خۆشیەکی زۆرمان پێدەبەخشێت. خانەی هەرمەزنی داد نووسیویەتی:

**"دانیشتنەکانی نزا و موناجات بۆنەیەکە بۆ پێشوازیکردن بەیەك دەروونی تامەزرۆ لە چێژوەرگرتن لە شیرینیی موناجات و شنەکانی میهرەبان و تێڕامان لە فەرمایشتی ئافرێنەر و فڕین بە دووباڵی گیان و موناجاتکردنی حەزرەتی خۆشەویست. لەو بۆنانەدا هەستەکانی خۆشەویستی و تەبایی و ئامانجی هاوبەش پەیدا دەبن، بەتایبەت لە باسە گیانییە قووڵەکان کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕوات و بەهۆیەوە شارانی دڵان دەکرێنەوە."[٢٢]**

کاتێك هەست بە حەزکردنی نزا دەکەین، ساتێك بەوپەڕی هێمنی چاوەڕێ دەکەین بۆئەوەی بیرمان لە کاروباری دونیایی ئازاد بکەین. کاتێك نزا دەکەین، بیرمان چڕ دەکەینە سەر خودا. کاتێکیش نزاکە تەواو دەکەین، ماوەیەك بێدەنگ دەمێنینەوە و یەکسەر هەڵناستین بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیکە. هەروەها هەمان شت دەکەین کاتێك گوێبیستی نزایەك دەبین کە لە کۆبوونەوەیکدا کەسێك بیخوێنێتەوە. لەو کاتانەدا، لە

دۆخـی پـاڕانەوە دەبـین و بە وردی بەدواداچـوونی فەرمایشـتەکان دەکەیـن وەکـو ئەوەبێـت کە خۆمـان دەیخوێنینەوە.

١ ـ کاتی خوێندنەوەی ئایەتە خوداییەکان، دەبێ بە چ گیانێك پێکەوە کۆببینەوە؟ ______________

________________________________________

٢ ـ کاریگەریی کۆبوونەوەکانمان پێکەوە بۆ خوێندنەوەی ئایەتە خوداییەکان چییە؟ ______________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

٣ ـ دانیشتنەکانی نزاکردن و موناجات بۆنەیەکن بۆ ..

- ________________________،

- و ________________________،

- و ________________________،

- و ________________________،

- و ________________________.

٤ ـ ئەو هەستانە چین کە لە دانیشتنەکانی نزاکردن پەیدا دەبن؟ ______________________

________________________________________

٥ ـ کاریگەریی باسە گیانییە قووڵەکان چین کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەبن لە دانیشتنەکانی نزا؟ ______

________________________________________

________________________________________

٦ ـ هەندێك وشە بنووسە دەربارەی ڕەفتاری شیاو کە دەبێ ئەنجامیان بـدەین لە کـاتی نزاکـردن، ئەگەر بە تەنێ بێت یاخود لە کۆبوونەوەدا.

________________________________________

## بەشی یازدەیەم

یەکەی یەکەمی ئەم کتێبە جەختی کردە سەر دابی خوێندنەوەی ڕۆژانە لە دەقی ئاسەوارە خوداییەکان و تێرامان لە واتاکانی. لێرەدا تێرامانت کرد لە گرنگیی نزا و نوێژ، بۆیە دابی نزا و نوێژی ڕۆژانەت پتەو کرد. بەشی ڕابردوو سەرنجت ڕاکێشا بۆ گرنگیی پەرستنی بەکۆمەڵ. هەر بابەتێك کە ئێستا خوێندت ئەگەر حەزت کرد ئەوا ئامادەی کردی بۆ یەکەم کار لەسەر ڕێگای ڕاژەکردن: میوانداریی دانیشتنی نزا.

وەکو هەنگاوێکی بەرایی، لەوانەیە حەزبکەیت هەندێك نزا لەبەربکەیت و هەلێك بدۆزیتەوە بۆئەوەی بەشداریی بکەیت لەگەڵ چەند برادەرێك. لەهەمان کاتدا، لەوانەیە پابەند بیت بە ئامادەبوون لە یەك دانیشتنی نزا لە کۆمکارەکەت و پاڵپشتیی بکەیت و بەپەرۆش بیت. لەئەنجامدا، ڕەنگە بڕیار بدەیت بەخۆت میوانداریی دانیشتنێك بکەیت و بانگهێشتی برادەرانت و ئەندامانی خێزانت و دراوسێت بکەیت بۆ کۆبوونەوەیەکی بەردەوام بۆ نزاکردن و خۆشویستن و تەبایی. ئاساییە کە دوو یان سێ لە بەشداربووانی ئەم خولە دەستبکەن بە دانیشتنێکی نزای لەم جۆرە.

وەکو وا دەبینیت، شێوازێك نییە بۆ چۆنییەتیی ڕێکخستنی دانیشتنی نزا. بەڵام ئەوەی ڕوونە کە کۆبوونەوەیەکە بۆ برادەران و تیایدا نزا دەخوێنرێتەوە، هەروەها خوێندنەوەی چەند دەقێك لە ئاسەوارە خوداییەکان و باسکردنێك کە گیان بڵند بکاتەوە، ئەوە هەمووی لە کەشێکی گیانیی بەرچاو دەبن. دەتوانیت بە چەند وشەیەك باسی هەموو بیرۆکەکانی ئەم بابەتە بکەیت سەبارەت بە دانیشتنی نزا؟

بانگهێشتکردنی خۆشەویستانە: ______________________________

دروستکردنی کەشێکی پێشوازیکردن:

پاراستنی کەشی ملکەچبوون:

بڵاوکردنی خۆشی و شادومانی:

هاندان بۆ باسکردنی گیانیی کە گیان بڵند بکات:

# سەرچاوەکان


١ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، دەپی دونیا، *کۆمەڵە دەپێکی حەزرەتی بەهائوڵلا کە لەدوای کیتابولئەقدەسدا دابەزیون*، (لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوە لە بەڕازیل، ٢٠٠٦)، لا.١١١.

٢ ـ لە یەکێك لە دەپەکان کە وەرگێڕاوە بۆ زمانی فارسی، بەنێوی *The Compilation of Complations*، ب.٢ ، ژ ٢٠٣٢، لا. ٣٣١.

٣ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، حەوت دوڵەکە.

٤ ـ حەزرەتی عەبدولبەهاء، *بانگەشەی ئاشتیی جیهانی*، (خانەی ئەلبەدیع بۆ چاپ و بڵاورکردنەوە، ٢٠١٧)، لە وتارێکی پیرۆز لە ٥ی مایۆ / ئایاری ١٩١٢، لا. ١١٦.

٥ ـ حەرزەتی بەهائوڵلا، *وشە پەنهانەکان*، (لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهائی لە بەڕازیل، ١٩٩٥)، لا. ٩.

٦ ـ حەزرەتی پشتگری دۆزی خودا، لە پەیامێك لە ٨ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەر ١٩٣٥ لەجیاتی حەزرەتی شەقی ئەفەندی نووسراوە، لە نزا و ژیانی پەرستندا هاتووە: کۆمەڵە دەقێك لە *ئاسەوارە پیرۆزەکانی حەزرەتی بەهائوڵلا و حەزرەتی عەبدولبەهاء، و پەیامەکانی شەوقی ئەفەندی، و خانەی هەرەمەزنی داد*، خانەی تویژینەوە و خوێندنی دەقەکان ئامادەی کردووە کە سەر بە خانەی هەرەمەزنی دادە، وەرگێرانێکی پشتپێبەستراو و بڵاونەکراوە، دەقی ژ. ٧١.

٧ ـ حەزرەتی عەبدولبەهاء، *بەهائوڵلا و چاخی نوێ*، (دەزگای خانەی ئەلرەیحانی، بەیروت، ١٩٧٢)، لا. ١٠٤.

٨ ـ حەزرەتی عەبدولبەهاء، *Words of Abdu'l-Baha', cited J. E. Esslemont, Baha'u'lla'h and New Era: An Introduction to the Baha'i Faith*، (ویلمت: خانەی بڵاوکردنەوەی بەهائی، ٢٠٠٦، ٢٠١٧)، لا. ١٠٦.

٩ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *موناجات*، (لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهائی لە بەڕازیل، ١٩٨١)، دەقی ژ. ١٨٣، لا. ٢١١.

١٠ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا. ٢١٢.

١١ ـ چەمکی فەرمایشتی حەزرەتی عەبدولبەهاء، لە گۆڤاری نجم المغرب (ئەستێرەی خۆرئاوا) (Star of the Wsdt) بڵاو کراوە، بەرگی ٨ ژ ٤، ڕێکگەوتی ١٩١٧/٥/١٧.

١٢ ـ *منتخباتی از آثار حضرة بهاء الله*، دەقی ژ ١٣٦، لا. ١١٦.

١٣ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، موناجات، دەقی ژ ١٨٣، لا. ١٢١.

١٤ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا. ٢١٤.

١٥ ـ حەزرەتی عەبدولبەهاء، لە دەپێك بە عەرەبی دابەزیوە، بڕوانامەی نزا و ژیانی پەرستن، دانەی ژێر وەرگێڕان، دەقی ژ ٢٤.

١٦ ـ حەزرەتی عەبدولبەهاء، *The Promulgation of Universal Peace*، *US Edition*، ١٩٨٢، لا. ٢٧٣.

١٧ ـ *منتخباتی از آثار حضرة عبد البهاء*، ژ، ٢٢، لا. ٤٩.

١٨ ـ حەزرەتی شەوقی ئەفەندی، *Principles of Baha'I Administration*، *US Edition*، لا. ١٩.

١٩ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٠ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *موناجات*، دەقی ژ ١٨١، لا. ٢٠٩.

٢١ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *لە بڕوانامەی نزا و ژیانی پەرستن*، وەرگێڕانی پشتپێبەستراو و بڵاونەکراو، دەقی ژ. ٦٨.

٢٢ ـ پەیامی خانەی هەرەمەزنی داد، بۆ کۆنفرانسی دەستەکانی ڕاوێژکارانی کیشوەری، لە ڕێککەوتی ٢٩ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەر ٢٠١٥.



# ژیـان و مـردن

## ئامانج

زانینی ئەوەی کە ژیان

تەنها ڕووداوەکانی جیهان نین،

بەڵکو واتا ڕاستەقینەکەی

لە پێشکەوتنی گیاندایە

## بەشی یەکەم

گیانی مرۆڤ پاکە لە مادده و جیهانی لەش. حەزرەتی عەبدولبەهاء لە وتارێکیدا دەفەرموێ:

**"ئەم لەشە ماددیانە لە گەردیلەکان پێکهاتوون، کاتێك ئەم گەردیلانە جیا دەبنەوە دەست دەکات بە شیبوونەوە، پاشان ئەوە ڕوودەدات کە پێی دڵێین مردن. . .**

**"بەڵام سەبارەت بە گیان شتکە جیاوازە. چونکە گیان تێکەڵێکە لە توخمەکان، پێك نەهاتووە لە چەند گەردیلەیەك، بەڵکو لە یەك مادده کە جیا نابێتەوە، بۆیە جاویدانیە. گیان لە دەرەوەی سیستەمی ماددیدایە، هەر دەمێنێت و لەناوناچێت."**[1]

١ ـ وشەی "پێکهاتووە" واتای چییە؟ ______________________

٢ ـ ئایا گیانی مرۆڤ پێکهاتووە لە چەند توخمێك وەك تەنە ماددیەکان؟ ______________

٣ ـ ئایا گیانی مرۆڤ پێکهاتەیەکی ماددیە؟ ______________________

## بەشی دووەم

دەقی پەیامێك کە لەجیاتی حەزرەتی پشتگری دۆزی خودا نووسراوە دەفەرموێ: "گیانی مرۆڤ لە کاتی گوریسەوە پەیدا دەبێت".[2] وە بۆ وەڵامی پرسێك دەربارەی چەمکی "گوریس" خانەی هەرەمەزنی داد ئاماژە دەکات:

**"لە ئاسەوارە نووسراوە بەهائییەکاندا شتێك نەدۆزراوەتەوە کە ئاماژە بەو ساتە بایۆلۆژیە بکات بۆ ڕوودانی شتێك بەنێوی 'گوریس' و سروشتەکەی، هەروەها بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە لە پزیشکی بە ووردی دیاری نەکراوە. لەڕاستیدا، لە گوریسدا ئەوە تێدەگەیەندرێت کە لەگەڵ پیتبوون دەبێت، ڕەنگە واتای دوای پیتبوون و جێگیربوون بێت، واتە لەسەرەتای دووگیانبوون. بۆیە، ڕەنگە نەتوانین بزانین کەی پەیوەستبوونی گیان بە جەستەوە ڕوودەدات. لەوانەیە پرسی وەکو ئەمە ئاڵۆز بێت بۆ بیرکردنەوە و توێژینەوەی مرۆڤ، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە جیهانی گیانی و سروشتی خودی گیانەوە هەیە."**[3]

١ ـ کەی گیانی مرۆڤ پەیدا دەبێت؟ ______________________

______________________________________

٢ ـ ئایا دەستەواژەی "گوریس" ساتێکی بایۆلۆجیی دیاریکراو وەسف دەکات؟ ______________

## بەشی سێیەم

پەیوەندی نێوان گیان و جەستە پەیوەندییەکی ماددی نییە، گیان ناچێتە نێو جەستە و لێی دەرناچێت و شوێنێکی ماددی وەرناگرێت. پەیوەندیشی بە جەستەوە وەکو پەیوەندیی ڕووناکیە بە ئاوێنە کە بەرپەرچی دەداتەوە، ئەو ڕووناکیەی کە ئاوێنە دەردیەخات لەنێو ئاوێنەکەدا نییە. بەهەمان شێوە گیان لەنێو جەستەدا نییە. وەکو حەزرەتی عەبدولەبهاء دەفەرموێ:

**"خودی پەیڤدار، واتا گیانی مرۆڤ، ڕاناوەستێت لەڕێگەی چوونەنێو ئەم جەستەوە، واتا ناچێتە نێویەوە. لەبەرئەوەی چوونەنێو و دەرچوون لە سیفەتەکانی تەنەکاندایە، خودی پەیڤدار پەتییە لەوە، لە ئەسڵدا لە نێو جەستەش نەبووە تاوەکو پێویستی بە پێگەیەك بێت کاتێك لێی دەردەچێت، بەڵکو پەیوەندیی گیان بە جەستەوە وەك پەیوەندی ئەم چرایەیە بە ئاوێنەکەوە. ئەگەر ئاوێنەکە ڕوون و تەواو بێت ئەوا ڕووناکیی چراکە تیایدا دیاردەدات، ئەگەر تۆز ئاوێنەکەی داپۆشیبێت یان بشکێت ئەوا ڕووناکییەکە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە."[٤]**

١ ـ بۆشاییەکانی ئەم ڕستانەی خوارەوە پڕبکەرەوە.

أ ـ خودی پەیڤدار، واتا ــــــــــــــ ، ڕاناوەستێت لەڕێگەی چوونەنێو ئەم جەستەوە، واتا ــــــــــــــ .

ب ـ ــــــــــــــ ، واتا گیانی مرۆڤ، ناچێتە نێو جەستەوە. لەبەرئەوەی چوونەنێو و دەرچوون لە ــــــــــــــ ، خودی پەیڤدار پەتییە لەوە.

ج ـ گیان لە ئەسڵدا ــــــــــــــ تاوەکو پێویستی بە ــــــــــــــ کاتێك لێی دەردەچێت.

د ـ پەیوەندیی گیان بە جەستەوە وەك ــــــــــــــــــــــــــــ .

هـ ـ ئەگەر ئاوێنەکە ڕوون و تەواو بێت ــــــــــــــــــــــــــــ .

و ـ ئەگەر تۆز ئاوێنەکەی داپۆشیبێت یان بشکێت ــــــــــــــــــــــــــــ .

٢ ـ بەپێی ئەوەی تا ئێستا خوێندمان، دیاری بکە کە ئەگەر ئەمانە دروستن:

ــــــــ گیان سەربە جیهانی ماددی نییە.

ــــــــ گیان لە نێو جەستەدایە.

ــــــــ جەستە خاوەنی گیانە.

________ گیان جاویدانی و هەرماوەیە.

________ سەرتای ژیانی مرۆڤ لەکاتی پەیوەندی گیان بە کۆرپەلەوە دەستپێدەکات.

________ ژیانی مرۆڤ لەکاتی لەدایکبوونی لەم جیهانەدا دەستپێدەکات

________ بوونی مادیی مرۆڤ دوای مردن بەردەوام دەبێت.

________ ژیان بریتییە لەو شتانە کە ڕۆژانە تووشی دەبین.

٣ ـ نموونەی ڕووناکی و ئاوێنە بەکاربهێنە بۆ پەیوەندی نێوان گیان و جەستە: ________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

## بەشی چوارەم

پەیوەندییەکی زۆر تایبەت هەیە نێوان جەستە و گیان، پێکەوە مرۆڤ پێکدەهێنن، ئەم پەیوەندییە بە مانەوەی ژیانی فەوتاوی مرۆڤ دەمێنێت لەسەر زەوی. کاتی کۆتایی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان، هەریەك لێیان دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێك و پەیداگای خۆی، جەستە بۆ جیهانی گڵ و گیانیش بۆ جیهانە خودایيە گیانییەکان، کە لەوێدا بەردەوام دەبێت لە بڵندبوون. حەزرەتی عەبدولبەهاء دەفەرموێ:

**"گیانی مرۆڤ سەرەتای هەیە بەڵام پایانی نییە و جاویدانی دەمێنێتەوە."[٥]**

حەزرەتی لە وتارێکیدا ڕوونی دەکاتەوە:

**"گیان پێویستی بە جەستە نییە، بەڵکو جەستە لە دۆخی پێویستیدایە بە گیان. گیان دەتوانێت بەبێ جەستە زیندوو بێت، بەڵام جەستە بەبێ گیان دەمرێت."[٦]**

حەزرەتی پشتگری دۆزی خودا ڕوونی دەکاتەوە:

**"سەبارەت بە گیانی مرۆڤ، بەپێی ئامۆژگارییە بەهائییەکان، گیانی مرۆڤ لەگەڵ پێکهاتنی کۆرپەلە دەستپێدەکات، بەردەوام دەبێت لە بوژاندنەوە و دوای جیابوونەوەی لە جەستە بە چەند پێگەیەکی بووندا تێدەپەڕێت کە پایانی نییە. بۆیە بڵندبوونی بێ پایانە."[٧]**

١ ـ بە لەبەرچاوگرتنی دەقەکانی سەرەوە، وەڵامی ئەم پرسانە بدەرەوە:

أ ـ ئایا جەستە پێویستی بە گیان هەیە؟ ____________________

ب ـ ئایا گیان پێویستی بە جەستە هەیە؟ ____________________

ج ـ کاتێك دەمرین چی ڕوودەدات لەو پەیوەندیەی کە نێوان جەستە و گیاندا هەیە؟ ____________________

____________________

د ـ دوای مردن چی بەسەر گیان دێت؟ ____________________

____________________

هـ ـ بڵندبوونی گیان تا کەی بەردەوام دەبێت؟ ____________________

____________________

و ـ کەی کۆتایی ژیان دێت؟ ____________________

____________________

٢ ـ بڕیار بدە کام لەم دەستەواژانە ڕێکە لەگەڵ ئەوەی لەم بەشانە خوێندمان:

______ مردن سزایە.

______ پەیوەندیی نێوان جەستە و گیان دەمێنێت تەنها بە مانەوەی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە.

______ جەستە توانای بڵندبوونی جاویدانی هەیە.

______ گیان تاهەتایە بڵند دەبێت.

______ مردن کۆتایی ژیانە.

______ ڕۆژێکی هەستانەوە هەیە کە تیایدا جەستەکانمان دەردەکەون.

______ لە کاتی مردندا، گیان زیاتر ئازاد دەبێت لە جاران.

ـــــــــــــــ ژیان بە مردن کۆتایی دێت.

ـــــــــــــــ دەبێ لە مردن بترسین.

ـــــــــــــــ خۆراك و پۆشاك و حەسانەوە و ڕابواردن گرنگن بۆ گیان.

ـــــــــــــــ کاتێك جەستە وزەی نامێنێت ئەوا گیان ماندوو دەبێت.

ـــــــــــــــ کاتێك جەستە نەخۆش دەکەوێت یاخود لاواز دەبێت کاریگەریی نییە لەسەر گیان.

ـــــــــــــــ مرۆڤ دوای مردن هەر پێویستیی ماددی دەبێت.

## بەشی پێنجەم

بینیمان کە گیان شوێنێکی ماددی ناگرێت و بەپێی یاساکانی سروشت ناڕوات وەکو بوونە مادییەکان. گیان لەم جیهانەدا لەڕێگەی جەستەوە ڕەفتار دەکات، بەڵام جەستە تاکە شت نییە کە گیان لەڕێگەیەوە هێز و دەسەڵاتی خۆی ئەنجام بدات. حەزرەتی بەهائوڵڵا دەفەرموێ:

**" [گیانی مرۆڤ] نیشانەیەکی پارسایە لەوەی چوونەژوورەوە و دەرچوونی هەبێت، خۆی ئۆقرەگرتوو و فڕیو و ڕێکردوو و دانیشتووە."**[٨]

حەزرەتی عەبدولبەهاء پێمان ڕادەگەیەنێت:

**"ئەوە بزانە کە گیانی مرۆڤ و لێگەیشتنی دوو جۆرە، واتە دوو جۆری کردار و دوو جۆری لێگەیشتنی هەیە، جۆرێکیان لەڕێگەی ئەندامانەوە دەبێت چونکە ئەو بەم چاوە دەبینێت و بەم گوێیە دەبیستێت و بەم زمانە دەوێت. . .**

**".جۆری دیکەی ڕەفتار و کردارەکانی گیان بەبێ ئەندامەکان دەبێت"**[٩]

١ ـ بۆشاییەکانی ئەم ڕستانە تەواو بکە:

أ ـ گیانی مرۆڤ نیشانەیەکی پارسایە لەوەی ـــــــــــــــــــــــ و ـــــــــــــــــــــ .

ب ـ خۆی ـــــــــــــــــ ـــــــــــــــــ .

ج ـ خۆی ـــــــــــــــــ ـــــــــــــــــ .

٢ ـ ئەو دوو جۆرە ڕەفتارە وەسف بکە کە لەڕێگەیانەوە گیان لەم جیهانەدا ڕەفتارە دەکات: ـــــــــــــــ

٣ ـ ئایا دەتوانیت چەند نموونەیەك بهێنیتەوە دەربارەی ڕەفتاری گیان بەبێ ئەندامەکان؟

## بەشی شەشەم

ئێستا، بەگوێرەی گفتوگۆکانی بەشەکانی پێشوو، ئەم دەقە لە ئاسەوارەکانی حەزرەتی بەهائوڵلا بخوێنەوە:

**"ئەوە بزانە کە گیانی مرۆڤ پارسایە لە هەموو کەموکورتییەکانی جەستە و مێشك و لێیان سەربەخۆیە. نیشانەکانی لاوازی کە لەسەر نەخۆش دیاردەکەوێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە گیان و جەستەی لێك جیادەکاتەوە، لەبەرئەوەی نەخۆشییەکانی جەستە کاریگەریی نییە لەسەر خودی گیان. بیر لە چرا بکەنەوە، ئەگەر بەربەستێك ڕووناکییەکەی شاردەوە، ئەوا ڕووناکییەکە هەر گڕ دەمێنیت بەبێ گۆڕین. هەروەها، هەر نەخۆشییەك تووشی جەستەی مرۆڤ دەبێت دەبێتە بەربەستێك ڕێگری لە گیان دەکات لە دەرخستنی توانا و هێزە پەنهانەکانی. بەڵام کاتێك گیان لە لەش دەردەچێت، ئەوا بە توانا و هێز و سەرکەوتنێکی بێ وێنە دەردەکەوێت. گیانە نیان و چاك و پارسا‌کان بەوپەڕی توانا و فراوانی بووە و دەمێنێت."[١٠]**

١ ـ بە وشەکانی خۆت ڕاڤە بکە کە چۆن جەستە یان مێشك کاریگەرییان نییە لەسەر گیان، وە کاتێك گیان لە لەش دەبێتەوە چی دیاردەکەوێت.

______________________________________

______________________________________

______________________________________

______________________________________

______________________________________

______________________________________

٢ ـ کاتێك جەستەی ماددیمان دەمرێت، ئایا سیفەتە تایبەتەکانمان دەمێنێتەوە؟ ______________

## بەشی حەوتەم

حەزرەتی بەهائوڵلا پێمان ڕادەگەیەنێت:

**"سەبارەت بە پرست دەربارەی گیان و مانەوەی دوای بەرزبوونی، ئەوە بزانە کە بەرز دەبێتەوە کـاتی بڵندبوونی تا لە بەردەستی خودا ئامادە دەبێت لە پەیکەرێك کە سەدە و چاخەکان و ڕووداوەکـانی جیهـان نایگۆڕن، بەو شێوە کە دیاردەکەوێت دەمێنێت بە مانەوەی مەلەکووت و دەسەڵات و هێز و توانستی خودا و سیفەت و چاودێری و نیانییەکانی خودای لێ دەردەکەوێت."**[11]

١ ـ دوای مردنی بەرچاو، گیان چەند بەردەوام دەبێت لە بڵندبوون؟ __________________

______________________________________

٢ ـ گیان لە چ پەیکەرێك گەشتە جاویدانییەکەی خۆی تەواو دەکات تا دەگاتە بەردەستی خودا؟ ___

______________________________________

______________________________________

______________________________________

٣ ـ هەندێك لە سیفەت و ئاسەوارەکانی گیان چین کە لەو پەیکەردا دەردەکەون؟ ____________

______________________________________

٤ ـ بەگوێرەی ئەوەی تا ئێستا خوێندمان، دیاری بکە کە ئەمانەی خوارەوە دروستن:

______ مەلەکووتی خودا تاهەتایە دەمێنیت.

______ گیان دەتوانێت سیفەتەکانی خودا دەربخات.

______ ئەو نزایانە کە بۆ بەرزبووان دەیخوێنینەوە کاریگەرییان نییە لەسەر بڵندبوونی گیانیان.

______ گیان هەرگیز نافەوتێت.

## بەشی هەشتەم

حەزرەتی بەهائوڵڵا ئاشکرای دەکات:

**"گوێی هۆشیار و بێگەرد و پارسا هەردەم و لەهەر شوێنێك فەرمایشتی پیرۆزی خودا دەبیستێت ئێمە بۆ خوداین و بۆی دەگەڕێینەوە. نهێنییەکانی مردن و گەڕانەوە شاراوە بووە و دەبێت. . . .**

**"مردن بۆ دڵنیاکان وەکو جامی هەرەژیان وایە، خۆشی و شادی دەبەخشێت و ژیانی هەمیشەیی دێنێت.**

**"بەڵام سەبارەت بەو خودانە کە بەرهەمی ئافریدەیان بردەوە کە ناسینی خودای شکۆدارە، ئەوا ئەم پێگەیە ڕاگەیاندنێکی دیکە و یادکردنێکی دیکەی هەیە. زانینیش لای خودای پەروەردگاری جیهانانە."[١٢]**

**"ڕۆڵەی نابینایی، مردنم بۆت کردە موژدە، چۆن لێی خەمبار دەبیت، ڕووناکیم بۆت کردە ڕۆشنایی، چۆن لێی داپۆش دەبیت."[١٣]**

١ ـ کام لەم دەستەواژانە دروستن؟

______ گیانی مرۆڤ لە خوداوە دێت و بۆی دەگەڕێتەوە.

______ زانستی ژیانی دوای مردن لای خودایە.

______ بۆ کەسی دڵنیا، مردن وەکو ژیان وایە.

______ مردن خۆشی و شادی دەبەخشێت.

______ نهێنییەکانی مردن بۆ هەمووان زانراوە.

______ دەبێ بەهرەکانی ژیان بزانین و هەمان کات لە مردن نەترسین، چونکە موژدەیە.

______ گرنگ نییە دەربارەی ژیانی دوای مردن بزانین.

٢ ـ ئێستا، بە لەبەرچاوگرتنی خوێندنمان بۆ ئەم بەشانە، بڕگەیەکی کورت بنووسە دەربارەی ژیان و مردن و جەستە و گیان.

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

# بەشی نۆیەم

حەزرەتی عەبدولبەهاء ڕوونی دەکاتەوە:

**"مرۆڤ لە دەستپێکی ژیانیدا لە جیهانی منداڵدان بوو، لەوێدا ئامادەبوون و توانای بڵندبوونی بۆ ئەم جیهانەی دەستکەوت. لەو جیهانەدا ئەو هێزەی دەستکەوت کە لەم جیهانە پێویستیی پێ دەبێت، پێویستی بە چاو بوو بۆ ئەم جیهانە و لە جیهانی منداڵداندا دەستیکەوت، پێویستی بە گوێ بوو بۆ ئەم جیهانە و لە جیهانی منداڵدان دەستیکەوت. لە جیهانی منداڵدان هەموو هێزێکی دەستکەوت کە پێویستە بۆ ئەم جیهانە. لە جیهانی منداڵداندا ئامادە بوو بۆ ئەم جیهانە. جا کاتێك هاتە ئەم جیهانەوە، بینی هەموو هێزە پێویستەکان ئامادەیە، هەموو ئەو ئەندام و بەشانە لەو جیهانەی دەستکەوت کە لەم جیهانە پێویستیی پێ دەبێت. بۆیە دەبێ لەم جیهانەش ئامادە بێت بۆ جیهانی دیکە، دەبێ لێرەدا هەموو پێویستییەکانی جیهانی مەلەکووت ئامادە بکات. هەروەك چۆن لە جیهانی منداڵدان هێزە پێویستییەکانی ئەم جیهانەی دەستکەوت، وەهاش دبێ لەم جیهانە هەموو پێویستییەکانی جیهانی مەلەکەوت دەستبکەوێت، واتە هەموو هێزە مەلەکووتییەکان."[١٤]**

١ ـ بڕیار بدە کە ئەمانەی خوارەوە دروستن:

_______ هەموو ئەو هێزانە کە مرۆڤ پێویستیی پێ دەبێت لەم جیهانەدا، لە جیهانی منداڵدان دەستیدەکەوێت.

_______ پێویست ناکات مرۆڤ خۆی ئامادە بکات بۆ جیهانی دیکە.

_______ ئەوەی کە لە جیهانی مەلەکووت پێویسیمان پێی هەیە دەبێ لەوێ دەستمانبکەوێت.

_______ ئامانج لەم ژیانە دەستکەوتنی ئەو هێزانەیە کە لە جیهانی دیکە پێویسیمان پێیان دەبێت.

_______ ژیانی ڕاستەقینە لە کاتی مردنی مرۆڤ و بەرزبوونی بۆ مەلەکووتی خوادا دەستپێدەکات.

_______ ژیانی ڕاستەقینە لەم جیهانەدا دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا دوای مردنی بەرچاو.

٢ ـ ئەو توانانە چین کە مرۆڤ لە جیهانی منداڵدان دەستیدەکەوێت؟ _______________

_______________________________________

_______________________________________

٣ ـ ئەو سیفەت و توانانە چین کە دەبێ لێرەدا دەستمابکەوێت بۆ دوای مردن؟ _______________

_______________________________________

## بەشی دەیەم

حەزرەتی بەهائوڵڵا ئاشکرای دەکات:

**"بـنەڕەت لەم ڕۆژەدا بـردنە لە دەریـای لێڕژاوەکـان، کەواتە دەبـێ نەڕوانیـنە بچـووکی و گەورەیـی دەفرەکان، کەسێك پڕ مشتێکی لێدەبات و کەسێکی دیکە جامێك دەژەنێت و کەسێك لیوانێك و کەسێکی تر مەنجەڵێك."**[١٥]

١ ـ بەگوێرەری ئەم دەقەی سەرەوە، وەڵامی ئەم پرسانە بدەرەوە:

أ ـ بنەڕەت لەم ڕۆژەدا چییە؟ ________________

ب ـ ئەو دارشتانە (بەرەکەتانە) چین کە لەخوداوە دەستت کەوتوون؟ ________________

________________

________________

ج ـ لە دەقی سەرەوە، وشەی "دەفر" بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ________________

________________

د ـ بۆچی نابێ بڕوانینە "بچووکی" و "گەورەیی" ئەو توانایە کە خودا پێمانی بەخشیوە؟ ________________

________________

________________

________________

هـ ـ ئەو شتانە چین کە ڕێگریمان لێدەکەن لەوەی بەشی خۆمان دەستکەوێت لە لێڕژاوە خوداییەکان؟ ـ

________________

________________

________________

٢ ـ کام لەمانە دروستن؟

________ "بچووکی" و "گەورەیی" توانامان ئاماژەیە بۆ بڕی ژیریمان.

ــــــــــــ بۆئەوەی ڕاژەی خودا بکەین، پێویستیمان بەوەیە کە لاوازییەکانمان لەبیربکەین و بەتەواوی پشتی پێ ببەستین.

ــــــــــــ ئەگەر لەم جیهانەدا ئەو توانایانە پێشنەخەین کە خودا پێمانی بەخشیوە، ئەوا گیانمان لاواز دەبێت کاتێك دەگەینە جیهانی دیکە.

## بەشی یازدەیەم

**"(برسەکەت دەربارەی ڕاستیی خود)، ئەوا نیشانەیەکی خوداییە و گەوهەرێکی مەلەکووتیە کە هەموو خاوەن زانستێك بێتوانا بوو لە ناسینی ڕاستییەکەی و هەموو خاوەن ناسینێك لە زانینی، ئەوە یەکەم شتە کە باسی خودای پەیداکاری کرد و ڕووی لێکرد و دەستی پێوەگرت و کڕنۆشی بۆ برد."[١٦]**

١ ـ بۆشایی ئەم دەستەواژانە پڕ بکەرەوە:

أ ـ خود ــــــــــــ خوداییە.

ب ـ خود ــــــــــــــــــــ کە هەموو خاوەن زانستێك بێتوانا بوو لە ناسینی ــــــــــــ و هەموو خاوەن ناسینێك لە ــــــــــــ .

ج ـ خود ــــــــــــ شتە کە باسی ــــــــــــــــــــ کرد.

د ـ خود یەکەم شتە کە ــــــــــــ بۆ خودا.

هـ ـ خود یەکەم شتە کە ــــــــــــ بە خودا.

و ـ خود یەکەم شتە کە ــــــــــــ بۆ خودا.

٢ ـ کام لەمانە دروستن:

ــــــــــــ "زانینی" واتە دۆزینەوەی.

ــــــــــــ یەکەم شت ڕووی لە خودا کرد مێشکە.

ــــــــــــ کەسی زانا دەگات بە ناسینی خود.

ــــــــــــ تەنها فەیلەسوفە مەزنەکان دەتوانن باسی خودا بکەن.

ــــــــــــ گرنگ نییە بیر لە خود بکەین چونکە هەرگیز ناتوانین لێیبگەین.

## بەشی دوزادەیەم

حەزرەتی بەهائوڵلا دەفەرموێ:

**"ئێوە وەکو باڵندەیەك وان کە بە دوو باڵی هێز دەفڕێت بە تەواویی خۆشی و شادومانی لە نیانیی بـای ستایش لەوپەڕی دڵنیایی. کاتێك بیر لە دان دەکاتەوە ڕوو دەکاتە ئاو و قوڕی زەوی، بەوپەڕی پابەنـدییەوە خۆی دەگەوزێنێتە نێو ئاو و گڵ. کاتێك دەیەوێ بەرز ببێتەوە دەبینیت بێتوانا و بێ دەسەڵاتە چونکە باڵەکانی بە ئاو و قوڕ پیس بوونە و هەرگیز و هەرگیز ناتوانێت بفڕێت. ئەوجا ئەو باڵندە فڕیوەی ئاسمانی بەرز خۆی دەبینێت کە لە زەویی لەنێوچوودا نیشتەجێیە. جا پەرستانم، نەکەن باڵەکانتان بگەوزێننە نێو قوڕی بێئاگایی و گومانەکان و گڵی قین و ڕق نەوەك خۆتان بێبەش بکەن و ڕێگریی لێ بکەن لە فڕین لە ئاسمانانی پارسای ناسین."[١٧]**

١ ـ ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە:

أ ـ ئەو باڵندەیە کە حەزرەتی بەهائوڵلا ئاماژەی بۆ دەکات چیە؟ ________________ .

ب ـ نیشتمانی ئەو باڵندەیە کوێیە؟ ________________ .

ج ـ باڵندەکە ئەگەر باڵەکانی پیس بن، خوێ لە کوێ دەبینێت؟ ________________ .

٢ ـ ئێستا وەڵامی ئەم پرسانە بدەرەوە:

أ . چۆن "باڵەکانی" گیان "پیس دەبن"؟ ________________

________________

________________

ب ـ ئەو شتانە چین کە وەك "ئاو و قوڕ" باڵەکانی گیان قورس دەکەنەوە؟ ________________

________________

________________

ج ـ ئەو شتانە چین کە ڕێگریمان لێدەکەن لەوەی لە ئاسمانانی پارسای ناسین بفڕین؟ ________________

________________

---

د ـ بۆچی گیان نیشتەجێبوونی خۆی دەگۆڕێت لە ئاسمانی بەرزەوە بۆ زەویی لەنێوچوو؟ ______

---

---

٣ ـ ڕستەی دروست دیاری بکە:

______ پەیوەستبوونە دونیاییەکان ڕێگرن لە پێشکەوتنی گیانیمان.

______ بێئاگایی و گومانەکانمان ڕێگرن لە فڕینمان بۆ ئاسمانانی پارسای ناسین.

______ قین و ڕق سیفەتێکی سروشتیی مرۆڤە و گیان قورس ناکاتەوە.

______ دەتوانین خۆمان ڕزگار بکەین لەو شتانە کە ڕێگریمان لێدەکەن لە فڕین لە نیانیی بای ستایش، ئەویش بە دابڕان لە کاروباری ئەم جیهانە.

______ جێنشینی گیان ئەم جیهانەیە.

## بەشی سێزدەیەم

حەزرەتی بەهائوڵڵا دەفەرموێ:

**"دوای ئافراندنی هەموو کراوەکان و پەیداکردنی هەبوونەکان بە دیدی نێوی 'ئەی هەڵبژێردراو'، لەنێوان ئافریدە و نەتەوەکان مرۆڤی هەڵبژارد بۆ ناسینی و خۆشویستنی کە هۆکاری یەکلاکەرەوە و هۆی ئافراندنی بوونەوەرەکانە. . . لەسەر بوونی هەموو شتێك دەرکەوت و ڕاستییەکەی بە نێوێك لە نێوەکان و بە سیفەتێك لە سیفەتەکانی هەڵهاتە سەری، جگە لە مرۆڤ کە کردیە دیارخەری نێو و سیفەتەکانی و ئاوێنەی بوونی و تایبەتمەندیی کرد بە چاکەی مەزنی خۆی و نیانییە دێرینەکەی."[١٨]**

١ ـ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە:

أ ـ خودا مرۆڤی هەڵبژادر لەنێوان ئافریدە و نەتەوەکان بۆ ______ .

ب ـ خودا لەسەر ______ دەرکەوت و ڕاستییەکەی ______ و بە ______ هەڵهاتە سەری.

ج ـ خودا مرۆڤی کردە ــــــــــــــــــــ و ئاوێنەی ــــــــــــــــــــ .

٢ ـ ئێستا، وەڵامی ئەم پرسانە بدەرەوە:

أ ـ دەتوانیت هەندێك لە سیفەتەکانی خودا بنووسیت؟ ــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــ

ب ـ ئەو سیفەتانە چین کە گیانی مرۆڤ دەتوانێت بەرپەرچی بداتەوە؟ ــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــ

ج ـ ئەم سیفەتانە چۆن دەردەکەون؟ ــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــ

د ـ مرۆڤ بە چی تایبەتمەند کرا؟ ــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــ

ــــــــــــــــــــ

٣ ـ کام لەمانە دروستن؟

ــــــــ مرۆڤ چیاوازی نییە لە سەرجەم ئافریدەکان.

ــــــــ توانای ناسین و خۆشویستنی خودا هۆکاری یەکلاکەرەوە و هۆی ئافراندنی بوونەوەرەکانە.

ــــــــ خودا سیفەتێك لە سیفەتەکانی هەڵهێنایە سەر هەموو شتێك.

ــــــــ گیانی مرۆڤ دەتوانێت پەربەرچی هەموو سیفەتەکانی خودا بداتەوە.

## بەشی چواردەیەم

حەزرەتی بەهائوڵلا پێمان ڕادەگەیەنێت:

**"بەڵام ئەم دەرکەوتنانەی ڕووناکییەکانی بەیانیانی ڕێبەری و هەڵهاتنەکانی خۆی چاودێری لە ڕاستەقینەی مرۆڤدا شاراوە و پەردەپۆش دەبێت وەکو گڕ و تیشك و ڕووناکییەکانی مۆم و چرا لە ڕاستیدا شاراوە بن، هەروەك هەڵهاتنی ڕووناکییەکانی خۆر لە ئاوێنە و لووسەکاندا شاراوە و نادیار دەبن کاتێك تیر و تاریك دەبن لەبەر ژەنگ و تۆزی کاروبارەکانی ئادەمیزادان. ئێستا، ئەم مۆم و چاریە پێویستییان بە کەسێك هەیە دایانگیرسێنێت، ئەم ئاوێنە و لووسانە پێویستییان بە کەسێکە بیانسرێتەوە. ئەوەی ڕوونە کە ئەگەر ئاگرێکی گڕ دەرینەخات ئەوا هەرگیز چرا ڕووناك نابێتەوە، ئەگەر ئاوێنەش لە ژەنگ و تۆز نەبێتەوە وێنەی خۆر و هاوشێوەی و دەرکەوتنەکانی و هەڵهاتنەکانی تیادا دەرناچێت."**[19]

١ ـ دەستەواژەی "شاراوە و پەردەپۆش" واتای چییە؟ ______

______

٢ ـ ئەو هێزە شاراوە و پەردەپۆشانەی نێو گیانی مرۆڤ چین؟ ______

______

______

٣ ـ توانای شاراوەی نێو چرا چیە؟ ______

٤ ـ توانای شاراوەی نێو ئاوێنە چییە؟ ______

٥ ـ پێویستە چی بکەیتە چرا تاوەکو ڕۆشنایی بدات؟ ______

٦ ـ پێویستە چی بکەیتە ئاوێنە تاوەکو بەرپەرچی ڕۆشنایی بداتەوە؟ ______

٧ ـ ئایا چرا و ئاوێنە بەخۆیان دەتوانن توانا شاراوەکانیان دەربخەن؟ ______

٨ ـ چۆن ئەو دوو نموونەیە بە دۆخی گیانی مرۆڤ ببەستینەوە؟ ______

______

______

_______________________________________________

٩ ـ کێ دەتوانێت وا بکات کە گیانی مرۆڤ توانا شاراوەکانی دەربخات؟ _______________

_______________________________________________

## بەشی پازدەیەم

حەزرەتی بەهائوڵڵا دەفەرموێ:

**"ڕێبازی هەمووان بۆ خودی دێرین داخرابوو، ڕێگای هەمـووان بـۆی هەر بـڕاوە دەبێـت، بە چـاکە و چاودێرییەکی تەواو خۆرە هەڵهاتووەکان لە ئاسۆی یەکتاییدا نێوان خەڵکـی دەرکەوت، ناسـینی ئەو خـودە پارسایانە وەکو ناسینی خودی خۆی دانرا. ئەوەی ناسییان ئەوا خودای ناسیوە، ئەوەی وشەکانیانی بیست ئەوا وشەکانی خودای بیستوە، ئەوەی دانیان پێ ناوە ئەوا دانی بە خودا ناوە، ئەوەش پشـتی لێیـان کـردووە ئەوا پشتی لە خودا کردووە، ئەوەی کفری پێیان کردووە ئەوا کفری بە خودا کرووە، ئەوان ڕاسـتەڕێی خـودان نێوان ئاسمانان و زەوی و تەرازووی خودان لە مەلەکووتی دۆز و ئافریدە و دەرکەوتن و بەڵگەکانی خودان نێوان پەرستانی و سەلماندنەکانین نێوان خەڵکەکەی."[٢٠]**

١ ـ بە لەبەرچاوگرتنی دەقەکەی سەرەوە، وەڵامی ئەم پرسانە بدە:

أ ـ ئایا دەتوانین ڕاستەوخۆ خودا بناسین؟ _______________________

ب ـ کەواتە چۆن دەتوانین خودا بناسین؟ _______________________

_______________________________________________

ج ـ دەتوانیت نێوی هەندێك لەو خۆرە هەڵهاتووانە بنووسیت؟ _______________

_______________________________________________

د ـ ئەوەی وشەکانی دیارکەوتنە خوداییەکانی بیستووە ئەوا وشەکانی کێی بیستووە؟ ________

هـ ـ پشت لە کێ دەکەین کاتێك لە بانگەوازی دیارکەوتنە خوداییەکان بێئاگا دەبین؟ ________

٢ ـ ئەم ڕستانە تەواو بکە:

أ ـ ڕێبازی هەمووان بۆ خودی دێرین ____________ .

ب ـ ، ڕێگای هەمووان بۆی هەر ______ .

ج ـ بە ______ و ______ تەواو خۆرە هەڵهاتووەکان لە ئاسۆی یەکتاییدا نێوان خەڵکی دەرکەوت.

د ـ ناسینی دیارکەوتنە خودایییەکان وەکو ______ .

هـ ـ ئەوەی ناسییان ئەوا ______ .

و ـ ئەوەی وشەکانیانی بیستووە ئەوا ______ .

ز ـ ئەوان ڕاستەڕێی خودان ______ .

**٣** ـ کام لەمانەی خوارەوە دروستن؟

______ دەتوانین لەڕێگەی هەوڵەکانی خۆمان گەشەی گیانی بکەین.

______ خودا مێشکی پێ بەخشیوین، ئەوەش بەسە بۆ بڵندبوونمان.

______ لەڕێگەی ناسینی دیارکەوتنی خوداییەوە گیانمان بڵند دەبێت و پێویست ناکات هەوڵێکی زیاتر بدەین.

______ لەڕێگەی ناسینی دیارکەوتنی خودایی و هەوڵدان بۆئەوەی بەپێی ئامۆژگارییەکانیەوە بژین گیانمان بڵند دەبێت.

______ دەتوانین ڕاستەوخۆ خودا بناسین.

______ مرۆڤ دەتوانێت ڕێك وەك خودا بێت.

______ خودا دوورە لە لێگەیشتنی ئادەمیزاد.

______ کاتێك وشەکانی دیارکەوتنی خودایی دەبیستین ئەوا وشەکانی خودا دەبیستین.

## بەشی شازدەیەم

حەزرەتی بەهائوڵڵا دەفەرموێ:

**"هانی پێغەمبەر و پەیامبەران تەنها بۆ ڕێبەرایەتیی ئافریدە بوو بۆ ڕاستەڕێی ڕەوا، مەبەست لە دەرکەوتنیان پەروەردەی پەرستانە، بۆئەوەی گیانیان بەوپەڕی پارسایی و پاکی و دابڕانەوە بەرز بێتەوە لای هاوەڵی باڵا."[٢١]**

لە دەقێکی دیکەدا دەفەرموێ:

**"مرۆڤ تەڵەسمی هەرمەزنە، بەڵام بێ پەروەردەیی بێبەشی کرد لەوەی هەیەتی. بە یەك وشە ئافراندی، بە وشەیەکی دیکە ڕێبەرایەتیی کرد بۆ سەرچاوەی ئامۆژگارییەکەی، بە وشەیەکی سێیەمیش پلە و پێگەکانی پاراست. سەروەری بوون فەرمووی: بڕوانە مرۆڤ وەکو کانزایەکە بەردی بەهاداری تیادایە بە پەروەردە دەردەچێت بۆ گۆڕەپانی بینەران و جیهانی مرۆڤایەتیی کەڵکی لێ دەبینێت. ئەگەر کەسێك بە چاوی بینین بڕوانێتە پەرتووکە دابەزیوەکان لە ئاسمانی یەکتایی و بیریان لێ بکاتەوە، دەزانێت کە مەبەستەکە ئەوەیە کە هەموو خودەکان ببنە یەك خود تا نیگاری مۆری 'موڵك بۆ خودایە' بچەسپێتە نێو هەموو دڵان و خۆرەکانی چاودێری و هەڵهاتنەکانی ئەستێرەکانی چاکە و میهرەبانی دەوری هەمووان بدات."[٢٢]**

١ ـ پێغەمبەر و پەیامبەران بۆ چی هاتن؟ ______________________________

______________________________________________

______________________________________________

٢ ـ مەبەست لە دەرکەوتنیان چی بوو؟ ______________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

٣ ـ وشەی "تەڵەسم" واتای چییە؟ ______________________________

______________________________________________

٤ ـ بێ پەروەردەیی چی لێ دەکەوێتەوە؟ ______________________________

٥ ـ پەروەردە دەبێتە هۆی چی؟

٦ ـ سەرچاوەی ئامۆژگاریمان چیە؟

٧ ـ پلە و پێگەکانان چین؟

٨ ـ ئەو بەردە بەهادارانە چین کە بە پەروەردە دەردەچن بۆ گۆڕەپانی بینەران؟

٩ ـ کاتێك بە چاوی بینین دەڕوانینە ئاسەوارە پیرۆزەکان چی لێدەگەین؟

## بەشی حەفدەیەم

حەزرەتی بەهائوڵلا دەفەرموێ:

**"پرست کرد گیان بۆ کوێ دەڕوات دوای ڕوخاندنی لەش. ئەوە بزانە کە ئەگەر سەر بە ڕەوا بێت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ هاوەڵی بڵند، بەگیان خودا دەگەڕێتەوە بۆ پێگەیەك کە هەموو زمان و خامەکان بێتوانان لە باسکردنی. هەموو جیهانەکان لێڕژاو لە هەر خودێکی جێگر و چەسپاو لە دۆزی خودا وەردەگرن دوای بەرزبوونەوەیان."[٢٣]**

١ ـ ئەم ڕستانە تەواو بکە:

أ ـ ئەگەر گیان سەر بە ڕەوا بێت، ئەوا ________________

ب ـ ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ________________

ج ـ هەموو جیهانەکان ________ لە هەر ________________ لە ________

دوای ________ .

## بەشی هەشدەیەم

حەزرەتی بەهائوڵلا پێمان ڕادەگەیەنێت:

**"بەختەوەری بۆ گیانێك لە لەشدا دەرچوو دوور لە گومانەکانی نەتەوەکان، ئەو لە بای خواستی پەروەردگاری خۆی دەجووڵێت و دەچێتە بەهەشتی بالا و بەهەشتی هەرەبەرز بەدەوریدەگەڕێت و لەگەڵ پێغەمبەران و پشتگرانی خودا دەبێت و لەگەڵیان دەدوێت و ئەوەیان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە پێناوی خودای پەروەردگاری جیهاندا بەسەری هات."[٢٤]**

**" . . . لە یاخیبووان خۆشدەبێت و بەچاوسووکی ناڕوانێتە پێیان، چونکە دواچاکی نادیارە. چەند یاخیبوو لەگاتی مردندا سەرکەوتوو دەبێت بۆ گەوهەری باوەڕ و مەیی مانەو دەچێژێت و خێرا دەبێت بۆ خەڵکی بالا. چەند گوێڕایەڵ و باوەڕداریش لەکاتی بڵندبوونی گیان وەردەگێڕێت و لە قاتەکانی خوارەوەی ئاگر دەبێت."[٢٥]**

١ ـ دەبێ گیانمان لە چ دۆخێك بێت لەکاتی دەرچوونی لە لەش؟ ________________

٢ ـ هەندێك لە گومانەكانی نەتەوەكان بژمێرە؟ ____________________

٣ ـ گیان دوور لە گومانەكانی نەتەوەكان دوای مردن چۆن دەجوولێت؟ ____________

٤ ـ كێ لەگەڵ ئەم گیانە دەبێت؟ ____________________

٥ ـ ئایا ئەم گیانە دەتوانێت لەگەڵ پێغەمبەران و پشتگرەكانی خودا بدوێت؟ ____________

٦ ـ ئایا پێشوەخت دەزانین چۆن و كەی ژیانی ئەم دونیایەمان كۆتایی پێ دێت؟ __________

٧ ـ ئێستا چیمان پێدەكرێت بۆئەوەی بگەینە ئەو ژیانە جاویدانیە كە بۆمان دانراوە؟ __________

## بەشی نۆزدەیەم

حەزرەتی بەهائوڵلا ڕوونی دەکاتەوە:

**"گیانی مرۆڤ ژیانی جاویدانیی هەیە دوای جیابوونەوە لەم جەستە بەتوخمە، بێگومان وەکو هەر بوونێك دەتوانێت بڵند بێتەوە، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت داوای بڵندبوون و لێخۆشبوون بکات بۆ کەسێکی مردوو و داوای چاودێرییەکان و بەهەرکان و لێڕژاوە خوداییەکانی بۆ بکات، چونکە بوون دەکرێت بڵند بێتەوە. بۆیە لە نزاکان کە دابەزیوون بۆ حەزرەتی بەهائوڵلا داواکردنی لێخۆشبوون و گوناهبەخشین هەیە بۆ ئەوانەی بۆ جیهانێکی دیکە بەرز بوونەتەوە. سەرەڕای ئەوە، هەروەك ئافریدە لەم جیهانەدا پێویستییان بە ڕەوا هەیە، ئەوانیش لەو جیهانە پێویستییان پێیە، ئافریدە لە پێویستییەکی هەمیشەییدایە، ڕەواش دەوڵەمەندی ڕەهایە ئەگەر لەم جیهانە بێت یان لەو جیهان."[٢٦]**

بۆچی دەبێ نزا بکەین بۆ گیانی بەرزبووەکان؟ ______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

## بەشی بیستەم

حەزرەتی بەهائوڵلا دەفەرموێ:

**"کاتی بەرزبوونی گیانی مرۆڤ لەم جیهانە گڵینە بۆ جیهانی میهرەبانی، پەردە لادەبرێت و ڕاستییەکان ڕوون دەبنەوە و شتە نەزانراوەکان زانراو دەبن و ڕاستیە شاراوەکان تێگەشتراو دەبن.**

**"بیربکەرەوە چۆن مرۆڤ لە جیهانی منداڵدان گوێی کەڕ و چاوی نابینا و زمانی لاڵ بوو و لە هەموو هەستەکان بێبەش بوو؛ بەڵام بە گواستنەوەی لەو جیهانە تاریکە بۆ ئەم جیهانە ڕۆشنایە، چاوی بینی و گوێی بیست و زمانی دوا؛ هەروەهاش کاتێك خێرادەکات لەم جیهانە لەنێوچووە بۆ جیهانی میهرەبانی، ئەوکات لەگیاندا لەدایك دەبێت و چاوی دیدی دەکرێتەوە و گوێی گیانی دەبیستێت و هەموو ڕاستیە شاراوەکان زانراو و ڕوون دەبێت."[٢٧]**

١ ـ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە:

أ ـ کاتێك گیانی مرۆڤ ئەم جیهانە بەجێدەهێڵێت:

ـ پەردەکان ______________ ،

ـ ڕاستییەکان ______________ ،

ـ شتەکان نەزانراوەکان ______________ ،

ـ ڕاستیە شاردراوەکان ______________ ـ

ب ـ لە جیهانی ______________ کوێمان ______________ و چاومان ______________ و زمانمان ______________ .

ج ـ کاتێك لەم جیهانەدا لەدایك بووین، چاومان ______________ و گوێمان ______________ و زمانمان ______________ .

د ـ بەهەمان شێوە، کاتێك دەچینە جیهانی میهرەبانی ئەوکات، ______________ .

هـ ـ جا چاوی ______________ ، و گوێی ______________ ______________ ، و هەموو ______________ ______________ و ______________ دەبێت.

٢ ـ بڕیار بدە کە ئەم دەستەواژانە دروستن:

________ کاتێك لە جیهانی منداڵدان دەبین، ئەوا دەربارەی ئەم جیهانە دەزانین.

________ دۆخی دوای مردنمان لێمان شاراوەیە لەم جیهانە.

________ دوای مردن ئاسۆی نوێی تەوامان بۆ دەکرێتەوە.

________ کاتێك دەمرین، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ ئەم جیهانە و دووبارە لەدایك دەبینەوە.

## بەشی بیست و یەکەم

حەزرەتی بەهائوڵلا دەفەرموێ:

**"پرست کرد دەرباری گیانەکان کە دوای بەرزبوونەوەیان یەکتر دەبینین، ئەوە بزانە کە خەڵکی بەهاء ئەوانەی لەسەر کەشتییە سوورەکە ئۆقرەیان گرت، ئەوانە تێکەڵ دەبن و هاودەم دەبن و دادەنیشن و دەفڕن و دەڕۆن و بەرزدەبنەوە وەکو یەك خود، هەر ئەوانە دەڕوانن و ئەوانە دەبینن و ئەوانە دەزانن، وەها فەرمانەکە کرا لەلایەن زانایەکی داناوە.**

**"(خەڵکی بەهاء کە نیشتەجێی کەشتییە خوداییەکەن دۆخی یەکتر دەزانن و بە بەستەری هاودەمی و خۆویستی یەکگرتوون، ئەو پێگەیە دراوە بە دڵنیایی و کرداری خودەکان. ئەو خودانە کە لە هەمان پلە ڕادەوستن بەتەواوی توانا و سیفەت و پلە و پێگەکانی یەکتر دەزانن. ئەو خودانەی دەکەونە پلەیەکی کەمتر ئەوانە پلە و پێگەی خودەکان نازانن کە بە ڕەوا لەخۆیان بەرزترن.) هەرکە و بەشی خۆی هەیە لەلای پەروەردگارت، بەختەوەری بۆ خودێك کە ڕووی لە خودا کرد و ڕاستەڕێ بوو لە خۆشەویستییەکەی تا گیانی فڕی بۆ لای خودای شا و بەتوانا و گوناهبەخش و میهرەبان."[٢٨]**

١ ـ لە جیهانەکەی دیکە، ئەو کەسانە دەناسین کە لەم جیهانەدا دەیانناسین؟ ________

٢ ـ دانیشتنی گیانەکان لەگەڵ یەك لەو جیهانەدا چەند پتەوە؟ ________

________

٣ ـ جیاوازی و جودایی نێوان گیانەکان لەو جیهانە لەسەر چ بنەمایەکە؟ ________

________

________

٤ ـ ئایا کەس هەیە بێبەش بێت لە چاکەی خودا؟ ________

## بەشی بیست و دووەم

حەزرەتی بەهائوڵلا ڕاماندەسپێرێت:

**"پەرستان، لەم ڕۆژە بینراوانە لەم جیهانەی بوونەدا، ئەگەر شتانێك ڕوویان دا لە توانای فەرمانپێکراو بەپێچەوانەی ڕازیبوون، خەم مەخۆن، چونکە ڕۆژانی بەختەوەریی میهرەبانی دێت، جیهانە پارسا گیانییەکان بەرچاودەبن. لە هەموو ئەم ڕۆژان و جیهانانە، بەشێکی دانراو و بژێوێکی دیاریکراو و ڕزقێکی بەڵێندراوتان هەیە، بێگومان وەریدەگرن و هەمووتان دەیبەنەوە."**[٢٩]

١ ـ کام لەم دەستەواژانە دروستە؟ دیاری بکە:

________ دەبێ خەم بخۆین ئەگەر شتەکان وەکو ئەوەی دەمانەوێت نەڕوات.

________ هەموو شتێك ئەگەر چاکە بێت یان زیان ئەوا لە خوداوە دانراوە.

________ ڕۆژانی بەختەوەریی میهرەبانی چاوەڕوانی هەموومان دەکات.

________ ئێمە دڵنیاین کە جیهانەکانی پارسا گیانییەکان دەبینین.

________ بەشێکی دانراومان هەیە لە جیهانەکانی پارسا گیانییەکان، لەم ژیانە و لە ژیانی دوارۆژیش.

٢ ـ بۆچی دەبێت خەم نەخۆین ئەگەر شتانێك ڕووی دا بەپێچەوانەی ڕازیبوونمان؟ ________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

٣ ـ لەم دەقەدا خودا بەڵێنی چیمان پێ داوە؟ ________________________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

## بەشی بیست و سێیەم

لەم یەکەیەدا، لە واتای ژیانی مرۆڤ تێڕامانت کرد، زۆر شت دەربارەی سروشتی گیان فێربوویت، هەروەها ئامانجی ژیان لەم جیهانە و گرنگیی پێشخستنی سیفەتە گیانییەکان و بەڵێن بە ژیانێکی جاویدانی و ڕۆشنا و پڕ لە شادی. لە یەکەی دووەمی ئەم کتێبە، باسی دوو ئامانجمان کرد، کە تێبکۆشین بۆ گەشەپێدانی گیانی و هزریمان و بەشداری بکەین لە گۆڕینی کۆمەڵگا. ئێستاش دەرفەتێکە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو تێگەیشتن و بیرکردنەوەیە لە گرنگیی بایەخدان بە هەردوو بواری ئامانجەکە، لە ڕۆشنایی ئەو دیدانە کە وەرتگرت دەربارەی بڵندبوونی گیان. گفتوگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت دەرباەری ئەم بابەتانەی خوارەوە تێڕامانەکانت دەوڵەمەند دەکات:

*١ ـ پێشخستنی سیفەتە گیانییەکان.*

*٢ ـ گوێڕایەڵبوون بۆ حوکمەکانی خودا.*

*٣ ـ بەشداریکردن لە چاکەی ڕەگەزی ئادەمیزاد.*

*٤ ـ پێشکەوتن لەسەر ڕێگای ڕاژە.*

# سەرچاوەکان

١ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، لە وتارێك لە ڕێککەوتی ١٠ی تشرینی دووەم / نۆڤەمبەر ١٩١١، بڵاو کراوەتەوە لە *Paris Tallks: Addresses, Given by Abdu'l-Baha in 1911* (Wilmette:Bahai Publishing, 2006, 2016 printing), no. 29.12-13 لا. ١٠٩.

٢ ـ لە پەیامێك لە جیاتی حەزرەتی شەوقی ئەفەندی نووسراوە لە ١ی نیسان / ئەپریل ١٩٤٦، لە *Lights of Guidnace: A Baha'I Reference File* (Mew Dalhi: Baha'I Publishing Trust, 1988, 2010 printing) دا هاتووە، دەقی ژ ١٨٢٠، لا. ٥٣٧.

٣ ـ لە پەیامێك کە لە جیاتی خانەی هەرەمەزنی داد نووسراوە بۆ یەکێك لە خۆشەویستان لە ڕێککەوتی ٢٨ تەمموز / یۆلیۆ ٢٠١٦.

٤ ـ حەزرەتی عەبـدولبەهاء، *Some Answered Questions* (Wilmette:Bahai Publishing, 2006, 2016 printing) ژ ٣،٦٦ ، لا. ٣٥٢ – ٣٥٣.

٥ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ٥،٣٨ ، لا. ٢٢٠.

٦ ـ لە وتارێکی حەزرەتی عەبدولبەهاء فەرمووی لە ڕێککەوتی ١٩١١، لە *Paris Tallks, no. 28.16* هاتووە، لا. ١٠٤.

٧ ـ لە پەیامێك لە ٣١ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەر نووسراوە لەجیاتی حەزرەتی شەوقی ئەفەندی، لە *Lights of Guidnace* دا هاتووە، دەقی ٦٨٠، لا. ٢٠٤.

٨ ـ *منتخباتی از آثار حضرة بهاء الله* (هوفهایم مؤسسه مطبوعات امری آلمان، ٢٠٠٦) دەقی ژ ٨٢، لا. ٦٤.

٩ ـ *لە دانوستاندنەکانی عەبدولبەهاء*، خانەی بڵاوکردنەوەی بەهائی لە بەلجیکا، لا. ١٦٧.

١٠ ـ *Gleanings from the Writings of Bahá'u'lláh*، (خەنەی بڵاوکردنەوەی بەهائی لە ویلمت، ١٩٩٤)، دەقی ژ ٨٠، لا. ١٧٤.

١١ ـ *منتخباتی از آثار حضرة بهاء الله*، دەقی ژ ٨١، لا. ٦٢.

١٢ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ١٦٥، لا. ١٣٦.

١٣ ـ حەزرەتی بەهائوڵلا، *وشە پەنهانەکان*، (لە بڵاوکراوەکانی خانەی بڵاوکردنەوەی بەهائی لە بەڕازیل، ١٩٩٥)، لا. ١٧.

١٤ ـ وەرگێڕانێکـی ئنگلیزیـی پشتپێبەسـتراو لە وتـاری حەزرەتـی عەبـدولبەهاء لە ڕێککەوتـی ٦ی تەممـوز / یۆلیـۆ ١٩١٢، لە *Promulgation of Universal Peace: Talks Delivered by 'Abdu'l-Baha' during His Visit to the United Statew and Canada in 1912* دا هاتووە لا. ٣١٥-٣١٦.

١٥ ـ *منتخباتی از آثار حضرة بهاء الله*، دەقی ژ ٥، لا. ٣.

١٦ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ٨٢، لا. ٦٣.

١٧ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ١٥٣، لا. ١٢٩.

١٨ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ٢٧، لا. ٢٦.

١٩ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ٢٧، لا. ٢٦.

٢٠ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ٢١، لا. ١٩.

٢١ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ٨١، لا. ٨١.

٢٢ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ١٢٢، لا.

٢٣ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ٨٢، لا.

٢٤ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ٨١، لا. ٨١.

٢٥ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ١٢٥، لا. ١٠٥.

٢٦ ـ حەزرەتی عەبدولبەهاء، *Some Answered Questions*، ژ ٣،٦٣، لا. ٣٤٠-٣٤١.

٢٧ ـ منتخباتی از آثار حضرة عبدالبهاء، ب١، ژ ١٤٩، لا، ١٧٣.

٢٨ ـ منتخبانی از آثار حضرة بهاء الله، دەقی ژ ٨٦، لا. ٦٧.

٢٩ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، دەقی ژ ١٥٣، لا. ١٣٠.